# پەیوەندیەکان و ڕێکخراوبوون


- پێشەکی
- پەیوەندیەکان و ڕێکخراو
- پێکهاتەکانی پەیام
- پرنسیپەکانی گوێگرتن
- پرسیارو گفتوگۆ
- لێکۆلینەوە لە خودی ڕێکخراو
- پێشەکی بۆ ڕێکخراو ڕێکخراوبوون
- مەرجەکۆمەلایەتیەکان
- لیستی سەرنج ڕاکێش
- ناوەرۆکی چۆنایەتیەکان
- کەلتووری ڕێکخراوەو دامودەزگاکان
- پێشەکی بۆ پەیوەندیەکان
- سەرنج ڕاکێشان
- کەنالەکانی پەیوەندیەکان
- پێکهاتەی ڕێکخراوودامودەزگاکان
- دانسی کورسیەکان


کار

ژیان

بۆ ئەوە کار دەکەیت تا بژی
بۆ ئەوە دەژی تا کار بکەی


**ئاسۆ حامدی asohamed@hotmail.com**


2005 مایس- هۆلەندا




- ستراتیژ
- تاکتیک
- ئۆپراسیۆن






## پێشەکی

پەیوەندی لە ژیاندا گرنگترین شتە بۆ ئەوەی گشتمان لە یەک بگەین، گرفتترین شت کە مرۆڤی سەردەم هەیەتی پەیوندیەکانە لە میشدا مەسەلەی گوێ گرتنە لە یەک.
هەمووومان پێوستمان بە پەیوەندی لەگەڵ یەک هەیە، چ لە کار و ژیانی ڕۆژانە تا دەگاتە ژیانی تاکیی و خۆشەویستی نێوان دوو مرۆڤ. بە زمان و بێ زمان منداڵ و گەورە، دارا و نادار ، لێپرسراو کارمەند هتد هتد.. چەپ و ڕاست ، زۆرلێکراو زۆردار ......هەموو دژ بە یەکەکان کە بەبێ یەکتر ناتوانن پێوستیان بە پەیوەندی دروست هەیە.
هەموو ڕکخراوەیەک هەرچی بێ و نەبێ ئەوا شکلێکی ڕێکخراوەی تایبەتی هەیە، مرۆڤی سەردەم بە غەریزە بیر لە چاکەی خۆی دەکاتەوە.
ئەمە وای کردووە کە جۆرێک لە دیپلۆماسیەتی پێ ببەخشێ.
هەموو فەرهەنگە مرۆڤیەکان بە ئایدیالیست و ماتریالستیەوە لە هەوڵی گۆرین و چاککردنی ژیانێکی چاکتر بۆ مرۆڤ هەولیان داوە، ئەگەرچی مرۆڤ خۆی قوربانی یەکەمی بووە.گەشەدان بە پەیوەندیەکان کەناڵێک بۆ سەرکەوتنی خێر بەسەر شەڕ دا دەکاتەوە.
هەموو خوایەکانی مرۆڤایەتی هەولی رەمزی چاکە بوونە و پەیوەندیە روحیەکانی مرۆڤەکان لە دەوری خودادا رێکخستوون.
ئێستا هەمان بەزمەمرۆڤ بە تەپل و زورنایەکی تر هەلدەپەری..
هەموو ئەرثەدۆکسی مرۆڤایەتی لە واقعدا تەعبیر لە بۆچوونی مرۆڤایەتی سەردەمی خۆیان دەکەن، هەمووشیان سوودیان کەموو زۆر لێکتر وەرگرتووە،جا چ رەخنەیان لە رابردووگرتبێ یان ریفۆرمی ئەوانی پێشخۆیان کردبێ..بە کورتی مرۆڤ لە ناوەرۆکدا ئەوەندە نەگۆراوە تەنها ئامرازەکانی دەستی گۆراون. مرۆڤ هێشتا ئەو کاتەی بۆ نەڕەخساوە لە خۆی بگات، هەروا بەدەوری خۆی دادەسورێتەوە کاتێ مرۆڤ دەستبەرداری چەوسانەوەی خۆی بوو ئەوکات پەیوەندیەکان زۆر راستگۆ و ئازادانە دەبێت.یان لەوانەیە پەیوەندیەکان فازێکیتر وەربگرن کە زۆرلە ئێستادا جیابن..

## پەیوەندیەکان و ڕێکخراو

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیلێم لە تەواوی ئەم باسانە من دەمەوێ لە تایبەتەوە بۆ گشت بچم ، ئەمەش جۆرێکە لە شیتەڵکردنی دروست کە هەموو کەسێ ناچارە لە قووڵای باسەکان ووردببێتەوە.دەبا با لەسەرەخۆ بۆ ووردەکاریەکان بچین....

سەرەتا بنچینەی پەیوەندیەکان بریتین لە سێکوچکەی پەیوەندیەکان... وەک..




هەموو دام و دازگاکانی دەوڵەت و کەرتە تایبەتەکان و هەر ڕێکخراوەیەکی تر لە بنچینەدا لە سێ تیم پێک دێت کە ئەمانەن:
- تیمی بیرکەرەوەکان
- تیمی ڕێکخەرەکان (هەڵسوڕێنەران)
- تیمی کارکەران (جێبەجێکەران)

پێش ئەوەی باس لە شێوەی پەیوەندی نێوان ئەم سێ تیمە بکەین، کە ئەوەندە ئاڵوگۆڕە بە گوێرەی خودی ڕێکخراوەکە دەناسرێتەوەو بەگوێرەی شوێن و کات ئامانجی ڕێکخراو پەیوەندی جیاجیان هەیە.

گرنگترین شت بۆ پەیوەندیەکان پەیامە، هەموو کارێك لێرە بۆ ئەوەیە پەیام بە تەواوی بگاتە پەیام وەرگر، بۆ ئەمەش مۆدێلی پەیوەندیەکان هەیە کە بریتیەلە:




هەموو راسپاردەو بڕیارێك لێرەدا مانای پەیام دەگەیەنێ،هەموو هەڵوێستێک دەربارەی پەیام پێی دەڵێن (feedback).
دواتر باس لە جۆرەکانی پەیام و هەڵوێستەکان دەکەین.
پەیوەندی تەندروستی لە ڕێکخراوەکی ساغ دا هەر پەیوەندی لەسەرەوە بۆ خوارەوە نییە، بەلکو پەیوەندی لە خوارەوە بۆ سەرەوەو پەیوەندە لارەکانیشە بە کورتی پەیوەندی

داوی خانەی جاڵجاڵۆکە یە، کە هەر ئەندامێ ئەرك و فەرمان و مافەکانی تیایدا دیاریکراوبێت.
پەیامنێر هەموو کات گشت هەستەکانی بەکاردێنێت بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە بێ گرفت بە پەیامەرگر بگەیەنێ. گرنگترین مەسەلە لێرەدا زمانی پەیامە لە پەیامی نوسراودا لە پەیامی تردا هەستەکانی پەیامنێر زۆر گرنگن بۆ پەیاموەرگر ئەمەش پەیوەندی بە خودی کەسەکان هەیە.لە مێژوودا هەڵەی زۆر گەورە ڕوویداوە تەنها لەبەر تێکنەگەیشتنی پەیاموەرگرو پەیامنێردا..
( بەتایبەت لە پەیوەندیەکانی نێوان دەزگا سەرکووتکەرەکان و سەرکردە دیکتاتۆریەکان..کە تەنها چاوداگرتنێک ژیانی زۆر مرۆڤی خستۆتە مۆلەقەی مەرگەوە......هتد)

**پێکهاتەکانی پەیام:**

- ناوەرۆکی پەیام
- پرۆسەکانی چۆنن و چۆن بە پراکتیکی دابنەوە
- هەست و نەستەکان دەربارەیان ( لایەنە لا شعورییەکانی پەیام)




لە دونیای ئێستادا ئەوەندەی هەست و نەستی لاشعووری و پرۆسەکانی گرنگن ناوەرۆکی پەیام کەمتر گرنگە.
بۆ هەر پەیوەندیەك چەند پرسیارێکی سەرەتای پێویستن بۆ پەیامنێر و پەیام وەرگر، ئاستی کەسایەتی و یەکتر ناسین و تەجرەبە و...هتد.
بۆ ئەوەی پەیوەندیەکان زیاتر بەهێز بێت پرسیارە سەرەتاییەکان ئەمانە هێندێکن:

- رابردووت چۆنە؟ چۆن خۆت لە نێوو ڕێکخراوو دەبینیەووە؟.
- چۆن داتوانی خۆت چاکتر بکەیت لە ڕوانگەی دەورووبەرت؟
- چۆن دەکرێ گەشە بە خۆت بدەی؟
- چۆن دەکرێ سەرنج و هەستەکانی دەووروبەرت بۆ خۆت رابکێشی و باوەریان پێبهێنی کە پەیامەکانت تاکە پەیامی واقعین و تاکە پەیامن؟

**پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی پەیامنێر و پیاموەرگر**

لێرەدا چەند خاڵێکی سەرەکی باس دەکەین.

1. مشاهداتەکان ( بینین، بیستن،بەرکەوتن...هتد)، کە ئەمە هەستە بەرجەستەکان دەگرێتەوە.نموونەی ئەمانە:
ا- وەرگرتن و هەلسەنگاندن و لێکدانەوە و توانای شیتەڵکردنی ڕووداوەکان.
ب- هەستی لاشعووری.
ج- هەستی گوێ گرتن.
خاڵی یەکەم یارمەتی دەرە بۆ لێکگەیشتنی پەیامنێرو پەیاموەرگر و بە پراکتیك بوونی پەیامەکان.
خاڵی دووەم یارمەتی دەرە بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە پەیامەکان و زیاتر لێکدانەوەی لایەنی خورافی پەیامەکان و ئەو ئەگەرانەی کە ڕووبەڕووی پەیاموەرگر دەبنەوە لە کاتی پراکتیکدا.
خاڵی سێیەم زۆر یارمەتیدەرە بۆ لە یەکگەیشتنی هەردوولا، کە گوێگرتن گرفتی هەموومانە. دەبێ سوونەتی گوێگرتن لە هەموو ئاستەکانی ڕێکخراوەیدا پیادەبکرێ، گوێگرتن زۆر گرنگە بۆڕوونکردنەوەو لە یەکگەشتن.

2. تواناى لێكۆڵینەوەیان هەبێ، یان تواناى تەقاندنەوەى مەسەلەى گرنگیان هەبێ لە دەروونى ڕێكخراودا كە ببێتە هۆى ئاڵوگۆر لە كۆمەلگا.دەتوانین بلێین ئەمانە لە خۆدا دەگرێ:
ا- تواناى كورتكردنەوەى پەیامى هەبێ لەگەل بەرئەنجامەكەى.
ب- تواناى پرسیاركردنى هەبێ و هەست بە ناڕۆشنایەكانى پەیام بكات و وەڵامى دروستى بۆ ناڕۆشنیەكان هەبێ.
ج- كۆنكریت دان بە پەیام و بە كۆنكریتكردنى.
ئەم سیفەتانە بۆ هەموو تیمەكان گرنگن، تا پەیامەكان هەرچى زیاتر بە پراكتیك ببنەوە. تیمى بیركەرەوەكان دەبێ هەرچى زیاتر پەیامى پوخت و سادەو ڕۆشن و كۆنكریت بدەنە دەستەوە.

3. هەڵوێست گرتن:
لێرە مەبەست لە ڕووى دروستى هەڵوێست گرتندایە. ئەمە خۆى لە چەندین لایەنى گرنگى هەست و نەستى پەیامنێرو پەیاموەرگر دەنوێنێ كە پێكهاتەكانى ئەمانەن:
ا- دەبێ دەرووبەرت بە قسە بێنى و ڕەخنەلە پەیام بگرن و گرفتەكانى جارەسەر بكەن، دەبێ پرسیار بكەیت و ڕاى خۆت بلێى.
ب- هەستەكان با ئازاد بن و مەوداى ئەوەهەبێ هەر كەس چۆن لە پەیام داگات و لە پراكتیك دا كێشەكانى چیدەبن.
ج- پەیوەندى زیندوو لە نێوان پەیامنێرو پەیاموەرگر دەبێ دورست بێت و گەشەى پێبدرێ.
هەر یەكێ لە سێ پێكهاتەیە ڕۆڵێكى كاریگەر دەگێرن لە گەشەدان بە پەیوەندیەكاندا.

لێرەدا هەلوەستەیەك لە سەر هێندێ مەسەلەى جیاجیا دەكەین.

## پرنسیپەكانى گوێ گرتن

گوێگرتن لە یەكتر مەسەلەیەكى زۆر ئالۆزە، ئەگەر مرۆڤ ئازاد بێ لە گشت كۆتوو بەندە كۆمەڵایەتیەكان و ڕژێمەكانى، مرۆڤ ئازادبێ لە ئایدیالست و ئابوورى، چ پێوست دەكات گوێ لە یەك بگرین..بەڵام ئەم ڕۆژە نیە كە باسى لێ دەكەین.
پرنسیپەكانى گوێ گرتن زۆر زۆرن لێرەدا هێندیكیان بە نموونە باس دەكەین كە نموونەى ئایدیالن:
- دەبى ڕێز لە هەست و نەستى هەموو كەسێ بگرى.
- نیشاندان و سەلماندنى گوێگرتن بۆ ئەوەى   ئەو كەسەى بەرامبە رت لگەلت دەدوێ، بۆى ڕۆشنبێ كەوا گوێى لێ دەگیرێ.
 گوێگرتن گرنگە لە هەموو لایەک بێ لە دەروونى ڕێكخراو داموو دازگاكاندا. گوگرتنێ لە سەرەوە بۆ خوارەوەە و بە پێچەوانەوە، هەروەها پەیوەندە تەریب و لارەكان. تیمەكانى بیركردنەوە گرفتى گوێگرتنیان هەیە لە خوارەوەى خۆیاندا.. وا دەزانن زانا نابێ گوێ لە نەزان بگرێ، مەبەست پێچەوانەیە.
لە بارى مرۆڤایەتى پێویستە گشت ڕیز لە باوەڕى یەكتر بگرێ.
جێگاى سەرنجە لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە كە ئینسانەكان لە ماف و ئەركەكانیان یەكسانن. بەڵام هەرئەكێ بە مەوقعیەتى خۆى.هەروەها لێپرسراویەتى بەرامبەر بە ئەركەكان و لێپرسینەوە لە بەرامبەریان.ئەمە زەمانەتى ڕێكخراوەكى ساغ دەكات.

ئەوەى باش گوێ بگرێ ئەوە دەتوانى یان دەبێ:
1. ئەوەى دەبیستى، ئەوەى دەیبنى ئەوەدەلێ.
2. زۆر جار گوێت لە وە دەبیت كە هەر دەیلێنەوە.
3.هەر فێردەبى كە دەبى هەر بڵێیت، ناكرێ هەتا سەر باوەڕت بشاریەوە.

ئەم بۆچوونە بەرجەستانە وا لە مرۆڤ دەکات واقع بینانە بێت، لە دووبارەکردنەوە بێزاربێت و بە دووای نوێخوازی بگەڕێ،مرۆڤ ناکرێ و نابێ بیروبۆچوونی خۆی دەمامك بدا. ڕاستی کەسایەتیەکان لە دەروونی ڕێکخراوەیدا زۆر گرنگە. یەکێکە لە سەرکەتنەکانی ڕێکخراوو دا.

## هەستەکانی گوێگرتن یان کەسێ چۆن گوێ دەگرێ

هەستەکان بریتین:

1. لەکاتی گفتوگۆکردندنا چاو لە چاو ڕوانین، دەبێ بۆ بەرامبەرەکەت بسەلمێنی و سەرنجی ڕابکێشی بۆ بەردەوام لە دوان و پەیامەکە زۆر ڕۆشەنتر دەبێ و لاینە لاشعووریەکان لە گەلی هەنگاوو دەنێن.

2.وەستان و دانیشتنێکی ئاوا کەوا بەرامبەرەکەت هەست بکات کە پەرۆشی پەیامەکانیەتی، ئەگەر هاتوو بۆ ڕۆڵ نواندن بوو ئەوا دەبێ زۆر جددی و سەرسامانەبێ.
3. نابێ پەیامنێر لە کاتی گفتووگۆدا قسەی پێ ببڕی، کاتێ پەیامەکەی تەواو بوو ینجا دەست بە باسەکانت بکە.
4. ئەگەر شتێ ڕۆشن نەبوو، یان لەلات ناماقوول بوون پرسیار لە شوێنی خۆیدا بکە، ئەمەش دوای کە سرەی خۆت دێ لە کاتی گفتوگۆدا.
5. پرسیارکردن هونەرە، پرسیارەکان دەبێ لەسەرەخۆو بە ڕێزەوەبێ کە بەرامبەرەکەت بخاتە قووڵاییەکی زۆرەوە.پرسیاری داخراو بگۆڕە بە پرسیاری کراوە..( دواتر باس لە جۆرەکانی دەکەین).
6. لە هەموو بارێکدا کۆنترۆڵی تەواوی هەستە شعووری و لاشعووریەکانت بکە، دوای کاتت هەیە بۆ پریاردانی کۆتایی لە سەر تەواوی گفتوگۆکان.
7. ڕێگای بەرامبەرەکەت بدە با نەزەراتەکانی خۆی بڵێ و بەتەواوی خۆی یەکلابکاتەوە.
8. هەرگیز نابێ لە سەر بەرامبەرەکەت هەلبچی، یان بپاڕێەوە ئەگەر لە هەر تیمێکیشدابیت.
9. نابێ وانیشان بدەی کە سەرسامی بە بەرامبەرەکەت و ئەم گوێ گرتنە نابێ بە نێگەتیف بە سەرەخۆت بشکێنیوە لە هەمان کات لە سەرخۆ بوون هێمنی ئارامیەك بە گفتوگۆکە دەبەخشێ.

## هەڵەکانی گوێ گرتن

هەلەکانی گوی گرتن زۆرن، بەتایبەتی لە کاتی گفتوگۆدا لە نێوان تیمە جیاجیاکاندا. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕژێمە کۆمەڵایەتیەکانە، بۆ کەسێکی بە توانا زۆر گرانە گوێ لە کەسێکی بێ توانا بگرێ... لە کاتێ کە هێز دەسەڵاتی هەیە. جا هەر توانایەک بێ چ سەرمایە، دەسەڵات، جوانی، بیر.....بازوو... هتد هتد.. ئەمەش گەورەترین هەڵەیە کە مرۆڤ دەرهەق بە یەکتری ئەنجامی دەدەن.
ڕەنگە هێندێ جار بە لا شعووری بێت بەڵام هەر دەچێتە هەمان قاووغەوە.. پێچەوانەی پرنسیپەکان خۆی لە خۆیدا هەلەن، بەڵام دەکری ئاوا فۆرمولەی بکەین:
1. شێوەی وەستان و دانیشتن و یان هەڵوێستی وا کە وا قسەکەر وا هەست بکا کە گوێ لێناگیرێ.
2. هەردەم بەرامبەرەکەت لە قسەکردن ببڕی و مەودای پێنەدەی.
3. بیرت لە لایەکی تر بێت، جا بە هەر دەلیلێک بێت.
4.بە شێوەکی نا مەسوولانە هەڵوێست لە پەیام وەربگری.
5. بۆ باسێ کەسەکەت بانگ کردووەو مەسەلەیەکی تری لەگەل باس دەکەی.

6. ئەگەر زۆر تەگبیرو ڕاوێژ بکەی..
7. زۆر بەها بۆ پەیام دانێی کە شایانی ئەوەش نەبێ.
8. ئەگەر تەندروستیت لە بارنەبێ..

## بەکورتی

بۆ ئەوەی گوێگرتن ببێتە سیمای گشت لە پەیوەندیە ناوخۆییەکاندا ئەوا ئەوا دەبێ:
- ڕێکوپێکی و بەبەرنامەیی لە کاتی گفتوگۆدا لەگشت ئاستەکانی ڕێکخراوەیی و تیمەکاندا.
- بەڵێن بە ڵێنە، لە گشت ئاستەکانی ڕێکخراوەی دا.
- گرنگی دان بە گوێگرتن تا دواین خاڵی گفتوگۆ.
- لەسەرەخۆ بوون و دان بەخۆدان هەردەم بە ئارامی بمێنێوە ئەمە لایەنی بەرامبەر دەباتە قووڵایی بیرکدنەوە. جارجارەش پرسیارێکی کراوە هێندەیتر گفتوگۆیەکە گەرمتر دەکات.
- ڕووخۆش و بە پەرۆشی گفتووگۆ پشتیوانی بە ئەنجامدانی کارەکانی پەیامەدات.
- ئارەزوودان بە گفتوگۆ و کۆنترۆڵی هەموو باسەکانی زۆر گرنگە. هەڵوەستەکردن لە سەر دەسکەوتەکان و دەستخۆشی لە ئەنجامدەرانی.
- دەبێ ناوەرۆك و هەست و سۆز لە یەك جیابکرێتە تا بتوانی کارەکان بە ئەنجام بگەن. پەیەندی کەسایەتی و کار و پیشە دەبێ لە یەک جیابکرێتەوە لە گشت ئاستەکانی ڕێکخراودا.
- هەموو بریارو کارەکان دەبێ لە کۆتایدا شیتەڵبکرێن و بەرەنجامەکانی لایەنی چاك و خراپی و کێشەکانی و خاڵە بە هێزو لاوازەکانی ڕوونبکرێتەوە.

## ئەنجامەکانی گوێگرتن

زۆرجار لە نێو دەروونی ڕێکخراو دا گفتوگۆی رەسمی و غەیرە رەسمی هەیە، هەموو ئەوانەی کە بە چاوپێکەوتنی دیاریکراو داوەتی رەسمی ڕوودەدەن و ئەنجام دەدرێن پێیدەلێن گفتوگۆی رەسمی، گفتوگۆیەکانی نێوان ڕێرەوەکان یان بڵێین ئاسای نێوان دوو هاوڕێ یان دوو کارمەند لە یەک دامودازگادا...
ئەنجامەکان لە واقع دا سێ جۆرن:

1. دووبارەکردنەوە
2. کورتکراوە و بەرئەنجام
3. دۆکومێنتی و ئیمزاکراو

دووبارە لە ژیانی ئینساندا شتێکی زۆر زۆرە و بێ مانایە،هەر لە زمان و ووسەکانی تا غەریزە گیاندارەکانی...ماڵ و کارو...لە ڕیفاهو خۆشی و شین و هتد... ئەم رۆتینە لە ژیان و کاردا ڕێگە لەبەردەم پێشکەتن دەگرێ، بۆ هەموو تیمەکانی ڕێکخراو شتێکی بێزارکەرە..ئەمە هێندێ جار جێگا و مەوقعیەتی کەسەکان لە ڕێکخراودا دەگۆڕێ، پەیامنێر دەبێتە پەیاموەرگر یان پێچەوانەوە.. بۆ یە دەبێ لە دەروونی ڕێکخراودا دانسی کورسیەکان هەبێ.. کە دواتر باسی دەکەین...ئەمەش دەبێ لە گشت ئەستێکی ڕیکخراودا پیادەبکرێ...
کورتکراوەی باسەکان زۆر جار گفتوگۆی تایبەتی دەوێ، چونکە باسەکە بەگشتی زۆرکاتی دەوێ و پێویستی بە شارەزای زۆرە لەبەرئەوەی ئەندامانی تیمی بیرکەرەوە کەسی گشتین و تەها کارەکانیان بەرێوەبردن و کارگێریە. ئەم جۆرە لە هەلوێست گرتنە ێئستا زۆر بڵاوە و لە پرۆژە گەورەکاندا هیچ بە ڕێوەبەرێك تا بزمارو بورغی لە پرۆژەکە ناکۆڵێتەوە.

هێندێ گفتوگۆی پەیامنێر و پەیاموەرگر جا لە هەر ئاستێکدابی لە نێو دام و دازگاکاندا یان لە هەر ڕێکخراوەیتردا بێت، بە رەسمی و دۆکومێنتیە، تا کاری پێبکریو ببێتە بەلگەی

ڕەسمی و بەرپرساریەتی بەرامبەری هەبێت لەلایەکیتر زۆرجار بێزارکەرەو دەبێتە هۆی بێزاری کارمەندان و ڕێکخەرەکان و ڕۆتینی زۆر دروست دەکات.
دوای ئەوەی کە باسی گوێگرتنمان کرد کە بەشێکی مشاهداتە و زیاتر فیزیکیە، ئێستا دەمانەوێ بچینە سەر لێکۆلینەوەو باس لە کورتکراوە و بەرەنجام بکەین..

## سیفەتەکانی کورتکراوەو بەرەنجام

- نابێ ئالۆزی تێدابێ ، دەبێی یەك لە دوایەکدا پرۆسەکانی پەیامی تیادەست نیشان کرابێت، ئەمە کار ئاسانیەک بە پەیام دەدات..
- بەرئەنجام دەبێ هەمان مەسەلە و ووشەی تیادابێ کە لە تەواو باسەکەدا هاتوون.
- دەبێ شەفاف و ڕوون بێت، پراکتیکی و ڕۆشەن بێت.
- دەبێ بەرئەنجام و کورتکراوە دروست و سادە بێت، نابێ هەر شتەکان هەلبسەنگێنێ بەلکو هەماهەنگوو بەرجەستە بێ و بتوانی پریاردەربێ.
هێندێ هەڵەی سادە لە بەرئەنجام و کورتکراوەدا کە نابێ رووبدەن لەمانە:
- نابێ زۆر زۆر لەباسەکان بەرەنجام بدەیتە دەستەوە یان بە پێچەوانەوە.
- نابێ وەکو بەبەغا هەر باسەکان بڵێیەوە.
- ئەمەسەلانەی کۆتاییان پێهاتووە و بوون بە دۆکومێنت پێویست ناکا دووبارە لە بەرئەنجام باسبکرێنەوە.
- نابێ کەم یان زیادە لە بەرەنجام بکەی کە لە پەیام و باسەکاندا باس لێنەکراون.
- نابێ هەر ئەو بەرئەنجامانە بڵێیت کە تەنها خۆت باوەڕت پێیان هەیە.
- دووبارەکردنەوە لە کورتکراوەو بەرەونجام باسەکە لاوازو بێپێز دەکات.

لە کاتی هەموو گفتووگۆیەکدا پرسیارو وەڵام لە مۆدێلی پەیوەندیەکاندا روودەدات.. جا چ پەیامنێر دەست پێبکات یان پەیاموەرگر لە کاتی کە دووبارە روو لە پەیامنێر دەکات دەیەوێ نارۆشنایەکانی پەیامی بۆ یەکلاببێتوە یان سەرنجی هەیە لە سەر خودی پەیام.

## پرسیارو گفتوگۆ

هەموو کەس بەیەوێ شتێ بزانێ یان شتێ نەزانێ پرسیار دەکات....
دوو جۆر پرسیارکردن هەیە:

- پرسیاری داخراو
- پرسیاری کراوە

- پرسیاری داخراو، ئەو پرسیارانەن کە بە بەڵێ و نەخێر وەڵام دەدرێنەوە.. لەم جۆرە گفتوگۆیانە کات گرنگە و تەنها کافیە بزانی پەیام گەیشتووە یان نا..یا ئەوەتا بۆ مەسەلەی پۆلیسی بەکاردێت و وەڵامەکان هیچ پێچ و پەنای تیادا نیە. لە هێندێ جاردا ئەگەر پەیام وەرگر لە پەیامنێردا بە تواناتر بێ ئەوا پرسیاری کراوە دەگۆرێ بە پرسیاری داخراو..راستیەکان دەتوانێ بشارێتەوە..
- پرسیاری کراوە، ئەو پرسیارانەن کە بە نەخێر و بەڵێ دا کافی نیە و زیاتر قووڵ بوونەوەی دەوێ.ئەمەش دەکرێ بە زۆر شێوە بێ.. چ لە گشتەوە بۆ تایبەت دەست پێبکات یان لە تایبەتەوە بۆ گشت. یانی دەکرێ لە دیاردەوە بۆ ناوەرۆك بچی یان بە پێچەوانەوە.. گرنگی ئەم جۆرە پرسیارانە لە گەشەدان بە دیالۆگ و ڕۆشەن بوونەوەی پەیامە. ئەگەرچی لە زۆر دامودەزگای دەولەتی و ڕێکخراوەی پارتایەتی دا ئەم جۆرە پرسیارکردنەو قووڵ بوونەوە بۆ ناو جەوهەری مەسەلەکان بە تایبەتی لە باری مالی ئەوا هێلێکی سوور کۆتای پێدێنێ.. کەس ناتوانی زیاتر لە دووریەکانی بکۆڵێتەوە...

چەند پێش مەرجێک بۆ پرسیارکردن و گفتووگۆ دەبێ کەسەکان لەلایان ڕۆشەنبێ:
- دەبی پەیامنێر یان پەیاموەرگر ئیدیای گشتی لە بارەی پرسیارکردن پێش دەستپێکردنی هەبێ، هەستەکانی چین و چۆن دەبێ، چۆن و کەی پرسیاردەکات و وەڵام دەداتەوەو کورتکراوەی باسەکان و بەرئەنجامەکانی چین...هتد هتد.
- دەبێ پەیامنێرو پەیاموەرگر بزانن لە چ ئاستێکی ڕێکخراوەیدان و گفتوگۆیەکان ئاراستەی تەواوی خۆیان دەبێ وەربگرن.نابێ لە باری ڕێکخراوەیی و مرۆڤایەتی کەسێ مافی ئەوەتر زەوت بکات..لێرەدا باس لە گفتوگۆی نێوان دادوەرو تاوانبار نیە....هتد. هتد.

هەموو خوێنەرێ دەتوانی نموونەی ڕۆژانەی کاری ڕێکخراوەی لێرەدا ببینتەوە...

مەسەلەیەکی تر هەیە ئەویش بەردەوامی گفتوگۆیە، ئەمە هاندەرێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانج، لێرەدا دەبێ کاتی گفتووگۆ ڕەچاو بکرێ..چۆنیەتی بەڕێوەبردنی گفتووگۆ هەنەرێکی دەوێ، هەڵوەستە لە گفتووگۆ زۆر گرنگە نابێ هەلبەزین و دابەزینی زۆر لە باسەکاندا هەبێ، ئەگەرچی هێندێ جار تا پەیامنێر کۆنترۆلی گفتووگۆ بکات دەبێ هێندێ دیالۆکی دەرەوەی باس گفتووگۆبکات بەمە دەڵێن خاڵی کردنەوەی باسەکان تا زەینی مرۆڤەکان دووبارە بۆ باسی سەرەکی بباتەوە.
نابێ گفتووگۆ و پرسیارەکان هەروا بێت بەلکو دەبێ پێشتر باش بیری لێکرابێتەوەو بەرنامەی بۆ داڕێژرابێ و پەیامنێرو پەیاموەرگر لێ ئاگاداربن..

جگە لە دوو جۆر پرسیارکردن دوو شێوەش لە پرسیارکردن هەیە:
1. پرسیاری ئاسایی. ئەو پرسیارانن کە هەرکات دەکرێ بکرێ.. لە گشت ئاستەکانی ڕێکخراوەیدا.. ئەم پرسیارانە دەکرێ ماقووڵ یان ناماقووڵ بن، پرسیاری ئاقڵانە یان گێلانە بن..بەڵام لە گشت کاتەکاندا دەبێ وەڵامەکانیان هەر ماقووڵ و زیرەکانە بن..پرسیاری گێلانە دەبێ بۆ دەمامکدان بەکاربێت..بەڵام وەڵامی گێلانە نابێ...وجودی نیە تەنها ئەگەر نەزەرەکان گێل بن...
پرسیاری ئاسای چ داخرا و بێت یان کراوە هیچ جیاوازیان نیە..
2. پرسیاری ڕەسمی، ئەوپرسیارانن کە هەڵوێستی ڕێکخراوەیی و بڕیارو مەسەلە رەسمیەکانی تیدا ڕووندەکرێتەوەو وەڵامی چارەسەریان دەوێ..ئەم پرسیارانە گرێ کۆرەی زۆر مەسەلەی گرنگ دەکەنەوە..

ئێستا زیاتر بۆ ناو مەسەلەی خودی پرسیارکردن قووڵ دەبینەوە..هەموو پرسیارێک لە دەروونی خۆیدا هەمەڕەنگە:
پرسیاری ناوەخۆ: ئەو پرسیارانن کەوا:
- پرسیارەکە بە شتێ دەست پێدەکات و بە شتێکی تر کۆتای دێ..
- قووڵای پرسیار زۆرە، پرسیارەکە وەڵامی جیاجیای هەیە.
- پرسیار کەر دەیەوێ ئاراستەی گفتووگۆ دیاری بکات.مەسەلەیەک بکاتەوە کە خۆی مەبەستیتی..ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی دانسی کورسیەکانە..لێرەدا کارمەندی زیرەک دەبێتە بەڕیوەبەری بەڕێوەبەرەکەی.. ئەوکات هەموو شتێ پێچەوانە دەبێتەوە..
پرسیاری دەرەوەی: ئەو پرسیارانەن کەوا ئەم سیفاتانەیان هەیە:
- هەردەم پرسیاربە شێوەی نوێ دەهێنیتە ئاراوە.
- هەردەم پرسیاری کراوەو فراوان دەکەی.
- خۆت ئاراستەی گفتووگۆ دیاری دەکەی.
تیمەکانی بیرکردنەوە دەبێ ئەم کارانە بکەن تا مۆنۆپۆڵی گفتووگۆکان بکەن و ئاراستەکانی بەرەو ئەو شوێنانە ببەن کە لەبەرنامەیان دایە.
هەموو پرسیارێک هەر یەک وەڵامی نیە بەلکو جەند وەڵامیکی هەیە. شێوەی پرسیارکردن و وەڵام دانەوە خودی پرسیارو وەڵام دیاری دەکەن. ناوەرۆکی پرسیار دەبێ رۆشەن بێ ئەمەش شێوەکەی دیاری دەکات...

شێوەی پرسیارکردن هەر لە لایەنە شعووریەکەی نا بەلکوو لایەنە غەیرە شعووریەکەی گرنگە. کە ئەویش هەستەکانە کە هەموو مرۆڤێ دەرکیان پێدەکات ئەگەر لەگەل خۆیدا راست گۆ بێت...

## لێکۆڵینەوەی لە خودی ڕێکخراو

سەرتایەکی کورت:
ئەوەی لێرەدا گرنگە رێکخراوەیەکی زیندوو و ئۆرگانیک و پتەو بە گەشەدان بە پەیوەندیەکان دروست بکرێت و گەشە بکات. ئەگەر هەر دام و دەزگایەک و رێکخراوەیەک لە دەروونی خۆی نەکۆڵێتەوە و ئاگاداری دروستی گۆرانکاریەکانی نێو خۆی نەبی ئەوا چارەنووسی دەکەوێتە ژێرپرسیارەوە.
لێکۆڵینەوە زۆر گشتییە ئەوەی لێرەدا مەبەستە گەشەسەندنی پەیوەندیەکانە لە نێو ڕێکخراودا و بە هۆیەوەوە ڕێکخراو بۆ ئاستێکی تردا دەبات کە مەبەستە.گرنگتیرین ئەرک لیرەدا ئەرکی تیمی بیرکەرەوەکانە کەوا بە دوایەوە بن و پرسیار لە تیمەکانی تر بکەن کەوا چۆن دەتوانن سوونەتی کاری تیمانە زاڵ بکەن بەسەر کاری تاکە کەسی.
بۆیە گەشەسەندو ئالوگۆری ڕێکخراو ئەرکی هەموو ئەندامانیەتی و دەست پێشخەری دەگەڕێتەوە بۆ تیمی بیرکەرەوەکان.
تیمی بیرکەرەوەکان دەبێ ستراتیژی ڕێکخراوەکەیان لەلا ڕۆشەن بێ..نەک هەر ئەوەندە بەلکو جارەنووسی کۆمەلگا و ئاڵوگۆرەکانی دەبێ پێشبینی بۆ بکەن.
گرێ دانی رابردوو، ئێستا و دوارۆژ و هەنگاوەکان بۆ گەشەسەندنی ڕێکخراو زۆر گرنگن.
نابێ ڕێکخراوەو دام و دەزگاکان بەدەر لە فاکتەرە دەرەکیەکان ببینین. ئەمە کاری ئەندامانی ڕێکخراوە کە هەست بەم ئاڵوگۆرانە بکات و کاریگەریەکانی و رەنگدانەوەکان ببینن و هەنگاو لەگەلیا هەلبینن.
دەبێ فاکتەرە ناوخۆ و دەرەکیەکان لە یەک کاتدا هەلبسەنگێن و کاریگەریەکانیان دەست نیشان بکرێت..
تیمی بیرکەرەوەکان دەتوانن و دەبێ ئیدیای هەر ڕێکخراوەیەک دیاری بکەن، ئەمەش بەهۆی:
1.پێوانەی ئیدیای رێکخراو پێوانەیەکی ستراتیژی و زانستی ئەمەش لە رێگای هەموو کەنالەکانی ڕێکخراودا دەبێ..
2. ڕۆشنای بۆ کۆمەلگا بدەن دەربارەی ئیدیا و مەسەلە چارەنووس سازەکان.
3. دیالۆگ لەگەل کۆمەلگا بە هێز بکرێت، هەوڵ بدرێت کۆمەل بە هەموو چین و توێژێکەوە بەشێکی چالاک بێ و بەژداربێ لە مەسەلە چارەنووسازەکانی دام و دەزگاکان.
4. زۆر دیالۆگ بکرێت و هەوڵ بدرێ ئۆپۆزیسیۆن بە تەواوی ئازادبێ و وایان لێبکرێ رەخنە بگرن و ئەلتەرناتیف بۆ رەخنەکان بدۆزنەوە، خەلکی ئاسای با لە نێو دام و دەزگاکاندا مەوقعیەتی هەبێ.ئەم کارە لە دەروونی ڕێکخراوەی پارتەکاندا تۆزێ ئاسان نیە..
5. بەرئەنجام لە دیالۆگ و گفتووگۆیەکان هەلبهێنجن و لە دەورانی جیاجیا دا کاری پێبکرێت.
6. دەبێ زانیاری زۆر لە سەر خودی ڕێکخراو و هەنگاوەکانی کۆبکرێتەوە و شیتەڵبکرێن و بەرئەنجامی دروستیان لێوە هەلبێنجێ.
7. دەبێ تیمی بیرکەرەوە تیمەکانی تر ناچار بکات، شێوازی نوێ لە ڕێکخراو بوون و کارەکانی لە دەورانی جیاجیادا بە ڕێوە ببەن..
دەبێ ڕێکخراو و دام ودەزگاکان وەکو تیم کاربکەن، کارە کەسایەتیەکان دەبێ لە دەروونی ڕێکخراو دا بۆ دەرەوە هەر وەکو کاری تیم بناسرێن.گرنگترین مەسەلە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕێکخراو چربوونەوەی باسەکانە و پێداگرتن لە سەر ئازادی لە دەروونی ڕێکخراودا..
جڕبوونەوە لە باسەکان بە کورتی بریتین لە تێگەیشتن لە رووداوەکانی سەردەم و وەڵامی موناسیب بۆیان..هۆش و بیر خستنەکارو هەستکردن بە لێپرسراویەتی و خاڵەکانی وەرچەرخان لە دەورانێکەوە بۆ دەورانێکی تر. ئەمانە چەند پایگای چربوونەوەن بۆ ئەوەی بتوانی زیاتر لە ڕێکخراوەکەت بگەی.
ئەمە ئەرکی تیمی بیرکردنەوەیە کە نەزەر بە تیمەکانی تر بدات.ئەمان داینەمۆی ڕێکخراو و دام و دازگاکانن، دەبێ هۆشیاری سیاسی و فەرهانگی وایان هەبێ کە دەرک بە ستراتیژ و تاکتیک و ئۆپراسییۆن بکەن ئەمەش لە گەل مێژوو رێکخراو دا ببیننەوە..هەر

نوێخوازی نابێته ئەوەی لەگەل رەوتی رەەداوەکان هەنگاو بنێی بەلکو زۆر جار لاسایکردنەوە باشترین چارەیە..
بەکورتی ڕێکخراو بە مانای کلاسیکی شتێکی نەگۆرە، بەڵام لە ناوەرۆکدا شتێکی گۆڕاوەو داینامیکیە وەک بارستای لە سەنگ و سووکی هێزەکان و کاریگەری لە ژیان و گوزەرانی کۆمەلگادا.
ئەوەی زیندووی ڕێکخراو دەپارێزی پابەند بوونی گشت (ئیلتیزامی گشت) بە پەیامەکانیەتی لە هەموو ئاستەکانی دا هەر یەک بە گوێرەی ئەرک و فەرمانەکانی و لێپرسراویەتی لە نێو ڕێکخراودا.
چالاک و هەماهەنگی گشت وەکو تیم سیمایەکی تر و هیوایەکی تر بە کۆمەلگا دەبەخشی.ووشەی جوان ماوەیەک دەوامی دەبێ، بەڵام پراکتیک بەردەوامی دەبێ و نامرێ. پراکتیک هەموو ئەندامانی رێکخراو دەگرێتەوەو بە پۆزەتیف و نێگەتیف لە گشت دەورانەکانی ژیانی ڕێکخراویشدا..
ئەوەی گەشە بە زیندوویەتی ڕێکخراو دەدات دیالۆگ و گفتووگۆیە لە ئاستەکانی ئاسۆی و ستوونی و پەیوندیە لارەکانی دا.

## کۆبوونەوە یان خستنەرووی بیروبۆچوون

کۆبوونەوە گرنگیەکی ڕێکخراوەی هەیە لە هەموو کات و شوێنێکدا.کۆبوونەوە
کۆپوونەوە بنچینەیەکە بۆ ئاگاداربوون و هۆشیارکردنەوەیئەندامانی هەر تیمێک لە کارو چالاکیەکانیوو بەرەو پێش چوونی دام و دەزگاکان.هەر ڕیکخراوەیەک و تەنانەت هەر تیمێکیش لە نێو ڕێکخراودا کۆبوونەوەی تایبەتی خۆی هەیە.بەشداربوون لە کۆبوونەوەکان دەبێ ئیجباری بن، هەر کەسێ نەیتوانی ئامادەبێ دەبێ پێشتر سەرۆکی بەش یان ڕێکخراو ئاگادار بکاتەوە.کاتەکانی کۆبوونەوە بە گوێرەی ئەندامانی دەگۆڕێت.تیمەکانی خوارەوە یانی تیمی جێبەجێ کەران و هەڵسوراوان زۆر زوو کۆبوونەوە ساز دەکەن بەڵام تیمەکانی بیرکردنەوە کەمتر لەگەل یەک کۆبونەوە دەکەن. ئەندامانی تیمەکانی بیرکردنەوە بهشدارن لە کۆبوونەوەکانی تیمەکانی تردا.ئەمە جێگاو ڕێگا بەکۆبوونەوەکان دەبەخشی و ڕۆشنای زۆر دەداتە ڕێکخراوەو ئەنجامەکانی کۆبوونەوە. هەموو کۆبوونەوەیەک دەبێ بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبێ، ئەگەرچی زۆر بەیان لە یەک دەچن، بە نموونە هیندێ لە خاڵەکانی باس دەکەین:
1. سەرۆکی کۆبوونەوە بەخێرهاتنی ئەندامان دەکات و دەست بە کۆبوونەوە دەکات بە کاتی....
2. ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی پێشوو کێ ڕاو و سەرنجی  لەسەر هەیە.
3. کێ شتێکی نوێی هەیە.
4. کاروچاڵاکیەکانی دەورەی ڕابردوو، هەلسەنگاندنی کارەکان.چ کراوە و چ دەبێ بکرێ، هۆیەکانی جێبەجێ نەکردنی چین.
5.لیست و بەرنامەی کارەکان تا کۆبوونەوەی داهاتوو.
6. گۆڕانکاریەکانی نێو ڕێکخراوو گرفتەکانی ڕێکخراوە.
7.باسی ئەم چارەمان..
8. پرسیارو وەڵام
9. کۆتای کۆبوونەوە..زۆرجار بەوە کۆتای دێ..کەس شتێکی تری هەیە لە سەر گشت باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە..
کاتی خایەنی کۆبوونەوە لەلای لێپرسراوی کۆبوونەوە دیاری دەکرێ..کۆبوونەوەی ئاسای نابێ لە 1..2 کاتژمێر زیاتر بخایەنی ، ئەمە پەیوەندی بە باسەکانی کۆبوونەوە هەیە..زۆر گۆڕاوەو ناکرێ بڵێ چەند دەخایەنێ..
بنەمای تیوری کۆبوونەوەی هەردامو دەزگایەک بریتیە لە :

1. چۆن ( كە پرۆسەكانیەتی) بەمانای چۆن كاردەكەین، كە مەسەلەیەكی زۆر گشتیە.هەر ڕێكخراوەیەك بە گوێرەی ئامانج و مەبەستەكانی ڕێكخراوەكە پرۆسەكانی دیاری دەكرێت.
2.چی ( ناوەرۆك) چی دەكەین تا ناوەرۆكی ڕێكخراوە گەشە پێبكەین.
3.كاركردن بۆ بەرەوپێش چوونی ڕێكخراوە، ئەمە زیاتر لایەنی پراكتیكی دەگرێتەوە، لەگەل هەست و نەستی ئەندامانی ڕێكخراوەكە.لێرەدا سێ پێكهاتەكەی ڕێكخراو خۆی دەهێنێتە كایەوە.كە تیمەكانی رێكخراوەو لەگەڵ مۆدێلی پەیوەندیەكانە.

## سیفەتەكانی پەیامنێر و پەیاموەرگر

پێش هەموو شتێ پەیام گرنگترین مەسەلەیە لە پیوەندیەكاندا،دوای شێوەی خستنەڕووی پەیام گرنگە..پەیامنێر دەبێ بە زمانی پەیام قسەبكە، كە زمانی خەلكە، سادە، ئاسان، روون و ئاشكرا بەبێ هیچ نارۆشنیەك پەیام بە پەیامنیر بگەیەنی..پەیامنیر دەبێ شارەزای تەواوی لە ڕێكخراوەو ئامانجە ستراتیژی و تاكتیك و ئۆپراسییۆن ڕێكخراودا هەبێ.دەبێ پەیامنێر هەردەم لە دوای پەیامەكان بێ لە باری پراكتیكدا، تا چەند پەیام لە نێو كۆمالگدا بە پراكتیك بۆتەوەو گرفتەكانی چی بوون و نەبوون..دەبێ پەیامنێر گوێ باش بگرێ لە گشت تیمەكانی ڕێكخراودا.
بۆ پیەیامنێر كۆمەلانی خەلك گرنگن،داهاتووی رێكخراو و ئامانجەكانی گرنگن.نەك مەوقعیەتی خۆی..دەبی پەیامنێر باوەری بە دانسی كورسیەكان هەبێ..دەبێ باش بزانێ شوێنی ئەو هەتا هەتایێ نیە.ئەمانەو گەڵێ سیفاتی تر.. بۆ پەیاموەرگر گرنگتین سیفات گوێگرتنە لە پەیاموەرگر و راستگۆیانە لەگەل پەیام هەلسووكەوت بكات و بە تیمەكانی تری بگەیەنێ..هەروەها هەڵوێستی مناسب لە كاتی مناسب دا دەبێ پەیاموەرگر بە پەیامنێری بگەیەنێ ، ناڕۆشنیەكان، پێشنیارو پرسیارەكان دەربارەی پەیام...هتد..
پەیاموەرگر نابێ هەر لە كەسانەبێ هەر سەربلەقێنی و بلێ راستە... هتد..
دەبێ راستگۆ بێ لەگەڵ هەموو ئەوزاعەكان لە نیو رێكخراودا...پەیاموەرگر و پەیامنێر نابێ لە كاتی شكستی پەیام لە پراكتیكدا پاساو بۆ خۆیان بهێننەوە لە هەر كاتێكدا بەلكو دەبێ دان بە گرفت و كێشەكان دابنێن و بتوانن شیتەڵی بكەن تا لە كات و شوێنی تردا ئەمانە دووبارە نەبنەوە..لەگەل ئەمەش لە دونیای ئێستادا ئەندامانی تیمی بیركەرەوە هەر خۆیان لە سەرووی ڕێكخراوەو بریارەكانی دەبیننەوەو هەردەم پاساو بۆ شكستەكانیان دەدۆزنەوەو دەوروبەریان پێ رازی دەكەن..ئەمە كاریگەری خراپی لەسەر ڕێكخراو دادەنێ لە دەورانی دوور یان نزیك دا. سیفاتە كانی پەیامنیرو پەیاموەرگر زۆر زۆرن بەڵام بە گوێرەی ڕێكخراو ئامانج و شوێن و كاتی ڕێكخراوەكان لە ئاڵوگۆری بەردەوام دان...

**پێشەکی بۆ ڕێکخراو و ڕێکخراو بوون**

هەر ڕێکخراوەو دامودەزگایەک بۆ ئامانجی هاوبەش پێکهاتوون، هەموو ڕێکخراوەیەک بنەمای کۆمەڵایەتی خۆی هەیە.کەسەکانی لە گشت تیمەکانیدا ئامانجی هاوبەش کۆیکردۆنەتەوەو کاری بۆدەکەن و لە پێناویدا هەنگاو دەنێن..جا ئامانجەکان هەرچی بن و ڕێکخراوەکەش سەربە هەر چین و توێژێک بن .
وەزعیەتی کۆمەڵایەتی و ژیان و گوزەران و فاکتەرە دەرەکیەکان کە لەدەرەوەی ئیرادەی ئەندامانیەتی کاریگەریەکی زۆریان لەسەر هەیە.

هەموو ڕێکخراوەیەک هەرچی بێ( بچووک یان گەورە، پارتی سیاسی یان کەرتی دەولەتی،کەرتی تایبەت...ڕاست بی یان چەپ،باندی سیایی بێ یان تیرۆرو مافیای....هتد..هتد.. یان مەزهەبی و دینی بی....هتد هتد) سیستەمێکی ڕێکخراوەی دیاریکراویان هەیە. جا چ هەرەمی بێ یان غەیرە هەرەمی کە پەیوەندە لارەکان دیاریان دەکات، یان پەیوەندە یەک ئاستەکان...
لە نێو هەموو ڕێکخراوەیەکدا جۆرێک لە کاردابەش کردن هەیە کە ئەرک و مافەکانی پێ دیاری دەکرێت..جۆرێک لە لێپرسراویەتی هەیە..جا چەندە یەکسان و نایەکسانە ئەمە پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتی ئەو ڕێکخراوە هەیە.کاردابەش کردن و لێپرسراویەتی پەیوەندیان بە توانایی و لێهاتووی و پراکتیکی کەسەکان هەیە..ڕێکەوت لێرەدا ڕۆڵی خۆی هەیە، بەڵام بنەمای سایکۆلۆژی مرۆڤەکان دەوری کاریگەر دەگێرن لەم بوارەدا. چەنکە خێزان یەکێک لە بنەماکانی رژێمی کۆمەلایەتی ئێستایە زۆر جار مرۆڤەکان ئەم جێگاو رێگایانە لە ڕێکخراودا بە دیاری وەردەگرن و دەورەبەریان هەموو کار ئاسانیەکیان بۆ دەکەن..

هەتا ئێستا لە مێژووی ڕێکخستندا ڕێکخراوێکی نموونەی نیە..هیچ ڕێکخراوێ بێ کەموو کورتی نیە و نابێ..هونەری کارگێری ڕێکخستن ئەوەیە چۆن دژایەتیەکان لە گەل یەک کۆدەکاتەوەو لە پراکتیکدا چۆن دەتوانێ ڕێکخراوەیەکی زیندوو دروست بکات..
ئەمە یانی کۆکردنەوەی هەموو جۆرە ئینێرژیەکان لە یەک ڕێکخراوداو دانانی تواناکان لە شوێنی گونجاو دا.
گرنگترین مەسەلە بۆ ڕێکخراوێکی دیِنامیکی بوونی پەیوندیەکی توندو تۆڵی ناوخۆییە.ئەم پەیوەندە دەبێ ئاوا نەرم و نۆل بێ لەگەڵ هەموو ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەلگا لە گشت دەورانەکانی مێژوو دا بێنەوە. ئەمەش تەنها بە روونی مانەوەی ڕێکخراو بە ئەنجام دێ..دەکرێ ئەمەش لە ڕێگای جۆراوجۆردابێ یەکێک لەمانە خستنە رووی گشت دۆکیومێنت و بەلگەنامەکانی ڕێکخراو کە دەکرێ لە باری پراکتیکدا هەموو ئەوانەی پێویستە بیبنن و لێیبکۆلنەوە.لەلایەکی تردا دەبێ پەیوندیەکان لە نێوان خودی ڕێکخراو و ئەندامانی دوو لایەن بێ. یانی ئەندامانی ڕێکخراو دەبێ هەست بە وە بکەن کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن و لە دەستکەوتەکانی کۆمەل و خودی خۆیان لێی بەهرەمەندن..
هەر ڕێکخراوەیەک تەعبیر لە وجودی کۆمەڵایەتی خۆیدادەکات و مەودا و فەزای کارکردنی خۆی هەیە و پەیوەندی ناوخۆی تایبەتی هەیە.هیچ ڕێکخراوەیەک بە یەکێکی تر بەراورد ناکرێ، چونکە وەکو هۆلەندیەکان دەڵێن ناکرێ سێو بە هەرمێ بەراورد بکەی.
پێش ئەوەی لە پێکهاتەکانی ڕێکخراوە قووڵ بینەوەو بەرەوناخی ڕۆین دەمەوێ باس لە سایکۆلۆژی کەسەکانی دەروون ڕێکخراوە بکەم لە گشت تیمەکاندا، هەروەکو لە پێشدا ووتم من لە دیاردەوە بۆ ناوەرۆک دەرۆم لەم باسەدا یان لە تایبەتەوە بۆ گشت هەنگاو هەلدەگرم. ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی دونیای ئێستا پێچەوانەیە منیش پێچەوانی ئەم سیستەمەی ئێستا دەرۆم..
سایکۆلۆژیکەسایەتیەکان و شێوەیان و دەورەنەقشیان لە ئاڵوگۆری ڕێکخراودا لەگەڵ ئەرکەکانی تیمەکان گرنگیەکی بێ وێنەیان هەیە، چۆنایەتیەکان و ناوەرۆکی چۆنایەتیەکان بە تایبەت لە نێو تیمی بیرکەرەوەکاندا کە داینەمۆی رێکخراوون کاریکی

گرنگ دەگێرن.لێرەدا دەست بۆ هێندێ نموونەی دیارو تیوری دەبەین کە لەسەر کەسان و ڕێکخراوەی ڕۆژئاوای جێبەجێ دەبن و وەرگیراوون.ئەم نموونانە زۆربەیان لە دەروونی ڕێکخراوەی جۆربەجۆردا هاتوون کە هەندێکیان گشتین و بۆ هەموو کات و شێوندا دەست دەدەن. بەڵام بۆ ووڵاتانی تر بەتایبەت لە کوردستان ئەوا دەبێ کەسە سایکۆلیژستەکان لێکۆلینەوەی تایبەت لە سەر کەسەکان بکەن و مۆدێلی تایبەتیان بۆ دروست بکەن.
تەنانەت بۆ دەست بەکاربوونی کەسەکان لە تیمی بیرکەرەوەکان یان هەلسورینەران ئەوا مۆدێلی تایبەت هەن بۆ تاقیکردنەوەیان و قەبوول بوونیان، کە ئەمەش لە سەر بنەمای سایکۆلۆژیا و چۆنایەتی لە باری تەکنیک و کۆمەڵایەتی کەسەکان دەگرێتەوە.
لێرەدا با لە باسەکەی خۆم لانەدەم دەمەوێ باس لە هەندێ مۆدێلی سادە بکەم کە پەیوەندیان بە گشت ئەندامانی ڕێکخراو هەیە:
- مەرجی یەکەم بۆ کەسەکانی هەر ڕێکخراوەیەک چەند تایبەتمەندیەک هەیە کە زۆر ئاڵوگۆرن بە گوێرەی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکان دەگۆرێن. بەڵام دەکرێ ئەم پرسیارانەی خوارەوە سەرخەتی مەسەلەکان بن:
1.بۆچی هاتووی لەم ڕێکخراوە کاربکەی؟چ شتێ هاندەرت بوون تا بێیتە ناو ئەم رێکخراوە؟.
2. تواناکانت چین و تواناکانی رێکخراو چۆن دەبینی؟
3. خاڵە بەهێزو لاوازەکانت چین لە بارەی:
- توانای ریکخراوەییت.
- توانای تەکنیکیت و کار و پیشەت لە دەروونی ڕێکخراودا.
- تۆ بۆ ڕێکخراو چ دەگەیەنی..ئەگەر تۆ نەبێ چ گرفتێ تووشی ڕێکخراو دەبێت. ئایا بە بەبێ تۆ ڕێکخراو دەتوانێ کارەکانی خۆی ئەنجام بدات یان نا...هتد هتد..
- توانای بەیەکەوە کارکردنت لە نێو ڕێکخراودا چەندە دەتوانی لەگەل تێم هەلبکەی..
- چ شتێکی تایبەتت هەیە، بە چی قەڵس دەبوو توورەدەبی...چ کاتێ ناتوانی لەگەڵ رێکخراو بەردەوام بی..
- تواناکانی کۆمەڵایەتیت چۆنن لە دەروونی ڕێکخراودا.
- چ چاوەروانیەکی ئایندەت لە ڕێکخراو هەیە. حەز دەکەی ڕێکخراو بە چ ئاراستەیێ ببەی یان پروا؟

4. کەلتووری ئەم ڕێکخراوەی کە لەناوی دای چیە و چۆنە؟چۆن دەتوانی لەگەڵی هەنگاو بنێی یان بیگۆری؟ چ شتێ خوازیاری بگۆرێ یان کاری بۆ دەکەی تا بگۆرێ و بەشداری گۆرانی دەکەی..
مەنتقی و ئاستەکانی توانای کەسەکان لە هەر ڕێکخراوەیەکدا بریتین لە :
ا.پەیامی کەسەکە خۆی..بۆ هاتووم بۆ ناو ڕێکخراوە ڕۆلم چیدەبێ چ کارێ ئەنجام دەدەم. هتد.. هتد..
ب. ناسنامەی کەسەکە.. من کێم و دەمەوێ ببم بە کوێ..؟؟
ج. هەستەکانی کەسەکانی نێو ڕێکخراوو چین..چ دەڵێن و لە واقع دا چین؟
د.تواناییەکانی ڕێکخراو و من چی دەتوانم بۆ ڕێکخراو بکەم.
ە.بیروبۆچوون لە نێو ڕێکخراو دا چۆنە؟ من دەتوانم چ بیرو بۆچوونێ وەربگرم و بە ڕێکخراو بگەیەنم..

## مەرجە کۆمەڵایەتیەکان

گرنگترین مەرجی کۆمەلایەتی ڕێکخراوەکە خۆیەتی، مەقعیەتی کۆمەڵایەتی و کار و چالاکیەکانی سەر بەچ چین و تویژێکی کۆمەلن، ستراتیژ و تاکتیک و ئۆپراسیۆنەکانی (کاری رۆژانەی) چین و چۆن لەگەڵ کۆمەڵگادا هەنگاودەنێ..مەرجێکی تری گرنگی کۆمەڵگا کەسەکانی نێو ڕێکخراوەکەن بە چ ئامانجێ کار بۆ ڕێکخراو دەکەن و دەیانەوێ هەنگاو بۆ کام سەرنگەر بهاوێن و چارەنووسی ڕێکخراو بۆ کوێ دەبەن..
کاتێ ئەم دوو مەرجە لەگەڵ یەک توانەوە ئەوکات رێکخراوەو کەسەکان یەک وەزعیەتی کۆمەڵایەتیان دەبێ و ئاستی ڕێکخراو بوون بەرز دەبێتەوەو ڕێکخراوەیەکی کۆمەلایەتی دەبێ و پەیوەندیەکانی ناوەخۆی زۆر بەهێز دەبێ..
با هێندێ باس لە مرۆڤ بکەین تا لە مەرجە کۆمەڵایەتیەکان بگەین:
مرۆڤ دەسکەوتی ئەو کۆمەلگاییە کە لێی دەژی، جا لە هەر ئاستێکدابێت. مرۆڤ لەدەروونی ڕێکخراو دا دوو بەشە، بەشیکی کەسایەتی خۆیەتی کە ژیانی شەخسی خۆیەتی بەشەکەی تر ڕۆڵ گێرانیەتی لە کاتی کارو چالاکیەکانی دا.
ئەگەر ئەم دوو حالەتە لە یەک کۆبوونەوە ئەکات رێکخراوە ڕێکخراوەیەکی پلەیەک لە پێشتر دەبێ لە پەیوەندە ناوخۆیەکانیدا..
ئازادی واقعی لە دوونیای ئێستادا وجودی نیە، کەسێ ئازادی هەلبژاردنی کارو ژیانی نیە، هەمووی بەسەری فەرز کراوە تەنانەت کەسەکانی خودی چینە دەسەڵات دارەکانیش.جا چ بە حوکمی لە ترسی لە دەست دانی سەرمایە و مەوقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیان یان باوک سالاری... هتد..هتد.
لەبەر ئەوەی ئازادی ئابووری لە کۆمەلگادا نیە، ئازادی هەلبژاردنی کار نیە یان ئەگەر کەسێ موجازەفە بە ژیانی بکا هەبێ یان لە مەوقعیەتی کۆمەڵایەتی خۆی هەلگەرێتەوە.. کەواتە لە زۆربەی هەرەزۆری رێکخراوەکانی سەردەمی ئێستادا تەنها ڕۆڵ بینین بۆ مرۆڤەکان ماوەتەوە.ئەم ڕۆلەش بەهای خۆی هەیە.هەموومان دەزانین بۆ کار دەکەین.
تیمی بیرکەرەوەکان چاکتر مامەلە لەگەڵ ئەم وەزعانە دەکەن، تیمی هەلسورێنەران چەنکە لە نێوان سندانی تیمی جێبەجێکەران و چەکوشی بیرکەرەوەکانن، ئەوا هونەری ڕۆڵ هەر بۆ ئەوان ماوەتەوە. ڕۆڵ نواندن زۆر گرنگە بۆ هەموو کەسێ هەمووش هەر ڕۆڵ دەبینێ بەڵام هەموو کەس ناتوانێ ئەکتەری لێهاتووبێ..
خولیای مرۆڤ لە کۆمەلگای شارستانیەتی ڕۆژئاوا زۆر گرنگە زۆر جار کەسەکان کارو خولیای شەخسی دەکان بە یەک ئەوکات توانای کەسەکە روو لە زیاد بوون دەکات و گەشە بە ڕێکخراوەکە دەدات.
مرۆڤ هەرچۆنێ بێ دەبێ لە دەروونی کۆمەڵایەتی ڕێکخراودا هەوڵی هاوسەنگیەکی سروشتی خۆیبو کارکردنی بدات لە کاتی رۆڵ نواندنی لە نێو دامو دەزگاکانی ڕێکخراودا.ئەمە هاوبەشیەکی مناسب دەکات لە گەشەدان بە ڕێکخراو دا.

بۆ ڕێکخراو زۆرگرنگە زانیاری بەردەوامی لەسەر ئەندامانی هەبێت، نەک زانیاری پۆلیسی بەلکو زانیاریەک کە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ڕێکخراو و ئاستی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو لە دەروونی کۆمەلگای شارستانییدا.
زانیاریەکان بریتین لە:
1.رابردوو..پرۆسەی کاروچالاکیەکانی کەسەکان لە نێو مەیدانی کاردا (رابردووی پراکتیک)
2.ئێستا..چ جۆرە خزمەتێ پێشکەش بە ڕێکخراو و دامو دەزگاکانی دەکات، کارەکان چۆن دەچێتە ڕێوە.
3. داهاتوو..چ چاوەروانیەک لە کارو چالاکیەکان دەکرێ..
هەماهەنگی هەموو ئەمانە دەبنە هۆی تەواوکردنی پەیامی ڕێکخراو لە دەروونی کۆمەلگای شارستانیدا.

لەلایەکی تردا کاری تیمەکانی بیرکەرەوەکانە کەوا هێزی شاراوە لە دەروونی ڕێکخراودا بدۆزێتەوەو کەشف بکات.ئەمە یارمەتیدەرە بۆ دانسی کورسیەکان و جێگۆرکێ کەسایەتیەکان لە نێو ڕێکخراودا.
دەبێ زانیاریەکان لە هەموو ئاستەکانی ڕێکخراودا بە یەکسانی بێت وزانیاریەکان ببن بە واقع لە نیو کەلتووری ڕێکخراودا.بۆ ڕێکخراو و تیمی بیرکەرەوەکان زۆر گرنگە شارەزای تەواوی لە بنەمای کۆمەڵایەتی خۆی هەبێ و زانیاریە بەردەوامەکان یارمەتی دەرن بۆ بەرەو پێش چوونی ڕێکخراو و دامودەزگاکانی..

## لیستەکی سەرنج ڕاکیش

مرۆڤەکانی نێو هەموو ڕێکخراوەیەک بیتین لە چوار جۆر کە بە ڕەنگەکان دەناسترێنەوە، یان لە خودی خۆیاندا لە کاتێک و شوێنی جۆراوجۆردا چەند رەنگیان هەیە..یان لە سروشتی خۆیان ڕەنگێک و لە کاردا رەنگێکی تر یان هەیە..هتد..
ڕەنگەکانیش بریتین لە :
- سوور
- شین
- زەرد
- وەنەوشەیی( پەلکە زێرینە)




یان پێیان دەڵین:
- ئاگر
- ئاو
- ئاسمان
- زەوی
بۆ ئەوەی تۆزی زانیاری لە سەر کەسەکان بزانین باس لە هەریەک لە کەسەکان دەکەین:

- سوور: سیفەتەکانی ئەوکەسانە زوو بڕیاردەدەن، حوکمیان توندەو بێباکن، داوای یارمەتی لە کەس ناکەن، زۆر بە توانان لە ڕێکخراوکردن و زۆریش ئەدڤێنتاریستین لە ژیاندا، زۆر رەخنە دەگرن، سیفاتی نێگەتیڤی ئەمانە هەر هەول بۆ خۆیان و بیروباوەرەکەیان دەدەن هەر من و من لە سەر هەقم. سیفاتی پۆزەتیفیان پشت بە خۆ بەستوون و توانی بڕیاردانیان هەیە.

- شین: ئەوکەسانەن کە جێیباوەرن و گەشبین و ئیدیالیستین و دوورە پەرێزن، هەر خەریکی کارن و هەردەم داوای یارمەتی دەکەن و بڕیاریان پێنادرێ، خۆش باوەڕن و زۆر بە سۆزن و هاوریبیەتیان خۆشە،لەلایەکی تر زۆر درێژ دادرن و بۆ هەموو بڕیارێ دەگەرێنەوە سەنتەر..

-زەرد: ئەوکەسانەن داوای یارمەتی دەکەن و زۆر پراکتیکینە و زۆر گرنگی بە ئیکۆنۆمی دەدەن و کلێشەیین و هەردەم حەز بە لێکۆلینەوەو پرنسیپ دەکەن..زۆرجار راستگۆن و

گشت تواناکانیان دەخەنە کار بەڵام بڕیاریان پێنادرێ، هەردەم دەبێ کەسی تر لە جیاتی ئەوان بڕیار بدات. دوورە پەرێزن و ئەگەر زەرەریان بوو ئەوە بە ئاسانی هەلدەگەرێنەوە..زۆر جار سەریان لە ژێر لمدا رادەکەن تا ڕاستیەکان نەلێن چونکە توانای دژایەتیان نیە.

- وەنەوشەی(پەلکە زێرینە): ئەو کەسانەن کەوا کورت کراوەی گشت لایەنە چاکەکانی سێ رەنگەکەی سەرەوەیە.گرنگترین سیفاتی کەسەکانی کە ئەم رەنگە دەنوێنن زۆر لەسەرەخۆو نەرمن دەتوانن هەموو کاریك بکەن لە موقعیەتی جۆراوجۆردا، زۆر کراوەن و کەسانی بە تەجرەبە و بە باوەرن  و دەتونن بریار بدەن لە کاتی ئاسایی و تەنگانەدا، کەسانی زۆر سۆشیالن و هەردەم لە چارەی مەسەلەکان دەگەرێن و زۆر حەز بە هەواڵی جیاجیا دەکەن، زۆر خۆشیان لە گەشە سەندن و ئاڵوگۆری بەردەوامە هەردەم بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێن.لێرەدا لیستی سەرنج راکیش لە بەراوردی کەسایەتیەکان لە نێو تیمی جیاجیادا دەکەین.کە ئەمانە لە مۆدیلی کەسانی کۆمەلگای رۆژئاوای وەرگیراون..
لێرەدا ووشەی کارمەند بە مانای کرێکار بەکاردێت لە گشت تیمەکاندا..گرنگترین مەسەلە لێرەدا کۆکردنەوەی هەموو سیفاتە پۆزەتیڤەکانی کەسەکانی ناو ڕێکخراوە.یانی کۆکردنەوەی دژایەتیەکانە لەیەک ڕێکخراوی زیندوو و داینامیک.

ئێستا باچەند نموونەیەک بهێنینەوە کە ئەگەر کەسانی نێو ڕێکخراوەیەک لە تیمەکانی جێبەجێکەران و تیمی بیرکەرەوەکان لەبەرامبەری یەکدا و کەسایەتیەکانیان چۆنن:

کارمەند:
کەسایەتی شین بێ.
- دوورەپەرێزە
- زۆربەووردەیە
- ناتوانێ بریاربدات
لەگەڵ بەرێوەبەرێک کە کەسایەتی زەرد بێ:
- کەسێکە بریاری پێ نادرێ.
- زۆر بە وورده نیە
- لەم لاو لەلا زانیاری کۆدەکاتەوە بۆ رێکخراو تا کارەکانی بەرێوە ببا

ئەگەر هەردوو کیان زەرد بوون.
- کارمەند هەوڵدەدات توانی تیۆری خۆی بەهێز دەکات، بەرێوەبەریش لە هەولی پێگەیاندنی ڕێکخراوە لە رێگای خۆ ڕۆشنبیر کردن دا. لێرەدا ڕێکخراو ڕێکخراوێکی لێکۆلێنەرەوە دەبێ شوێنی بریاردان نیە..

ئەگەر کارماند سوور بوو بەرێوەبەر زەردبوو، ئەوا کارمەند بەرێبەری بەرێوەبەرە..لێرەدا کارمەند توانای تیوری زۆرە، هەوڵی جدی دەدا هەروا بمێنیتەوە، بەرێوەبەر لیرەدا توانای بەرێوەبردنی ریکخراوی هەیە، بەڵام توانای بریاردانی نیە، لە هەموو کاتێکی بریارداندا دەگەریتەوە لای کارمەند..

ئەگەر هەردووکیان شین بوون:
ڕیکخراوەکە زۆر خۆشە و کەش و هەوای خۆشی هەیە، توانای بریاردانیان نیە.ئەمە زیاتر لە ریکخراوە خێرخوازەکاندا هەیە..

ئەگەر کارمەند زەرد بوو و بەرێوەبەر شین بوو..
لیرەدا کارمەند شارەزایی و توانای تیوری کەمە، سیفاتی سۆشیالی کەمە، بەرێوەبەر زۆر دوورە پەرێزەو خۆی بە لێکۆلینەوە خەریک دەکات.ئەمە لە ریکخراوەکانی سەرووی خەلکی دا دەبینرین..

ئەگەر کارمەند سوور بوو بەریوەبەر شین بوو.
کارمەند کەسی سۆشیالە و بێ باکە و زۆر بەرنامە و هیوای نیە.بەرێوەبەریش زۆر بیر لە ڕێکخراو ناکاتەوە هەر خەریکی لێکۆلینەوەیە..

ئەگەر کارمەند شین بوو، بەریوەبەر سوور بوو
لێرەدا کارمەند ناتوانێ کارەکانی خۆی باش ڕاپەڕێنێ و هەر دەچێتە لای خەلک و پشت بە کەسی دەوروبەر دەبەستێ..بەرێوەبەر جورئەت دەکات و زۆر بە هۆشە بۆ کارمەندەکانی.
بریاردان لەلای شتیکی ئاساییە.

ئەگەر کارمەند زەرد بوو، بەرێوەبەر سوور بوو.
کارمەند لیرەدا زۆر خیرایە و ئەوەندە گوێ بەچۆنایەتی کارەکانی نادا، بەیوەبەر لووت بەرزە و هەرگیز لە بریارەکانی پەشیمان نابیتەوە، هەموو کارمەندەکانی راددەیان بۆ دانراوە، لێرەدا بەرێوەبەر بەرێوەبەرە.

ئەگەر هەردووک سوور بوون.
کارمەند دەتوانی کارەکانی پشت بەخۆی کارەکانی جێبەجێ بکا و دەتوانی لەگەل دەوروبەر باش هەلبکات و کار ئەنجام بدات.بەریوەبەر هەولدەدات گەشە بکات و خۆی لە دەورەبەری جیاکاتەوە بەلام بۆی ئاسان نیە. لێرەدا رێکخراو هەمووی بریاردەرە،ئەم رێکخراوە گرفتی سینتریزمی هەیە.هەموویان لە یەک ئاست دان.

جۆرێك لە مۆدیلی دروستکرد کە کێشەکانی نێوان کەسەکانی Tomas Kliman ناو ریکخراو نیشان دەدات.



لیرەدا پێنج جۆر لە لیستەکانی سەرنج راکێش نیشان دەست دەکات.ئەنجامی کەسایەتیەکان دیاری دەکات.کەسایەتیە سوورەکان هەردەم خۆیان لەلاگرنگە،لەلایەکی تر کەسایەتیە زەردەکان دەیانەوێ تووشی گرفت نەبن، سەریان لە ژێر لمدا دەشارنەوە.لەم لاشەوە کەسایەتیە شینەکان دەیانەوەی لە گەڵ خەلکیتردا کاربکەن و بێنەوە، بەڵام هەرگیز بریاریان پێنادرێ.نەرمو خۆگەنجاندنی رەنگی وەنەوشەی کەسایەتیەکان هەر حەزیان لە سەرکەوتن و سەرکەوتن و شێوەکانی سەرکەوتنە ئەمەش بە هۆی تەبایی و هاوکاری لەگەڵ یەکدا بە ئەنجام دەگات.کەش و هەوای سەرکەتن جۆرێك لە رازی بوون و دڵخۆشیە بۆ تیمی بیرکەرەوەکان.

مرۆڤ لە کۆمەلگای ئێستادا بە حوکمی وەزعی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی کۆمەلگای کە تیای دا دەژی خۆی لە خۆی یدا رەنگاو رەنگە. ڕۆژێ بە زۆر جۆر خۆی دەگۆرێ.کاریگەری کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیا و بایۆلۆژیای مرۆڤ دادەنێت.مرۆڤ زۆر ئاساییە چ بە ئاگای یان بێ ئاگای رەنگەکانی ئاڵوگۆرە بە گوێرەی کارو ژیانی و مەوقعیەتی لە دەروونی ڕێکخراوەکاندا.

دەرککردنی ئەم رەنگانە لە تیمەکانی رێکخستندا زۆر بەزەقی دیارە، ئەمانە لەلای تیمی بیرکەرەوەکاندا هەر دەبێ گوێبگرن و بلێن بەڵێ لە لایەکی تر لە لایەکی تر دەبێ هەموو بریارەکان بۆ تیمەکانی جێبەجێکەران رۆشنبکەنەوەو بە دیسپلین و توندبن. بە کورتی ( لە بەرامبەر گەورەکان دەلەرزن و لەبەرامبەر بچوکەکان خۆ گڤ دەکەنەوە)

تەنانەت ئەم ڕۆل دیتنەی مرۆڤ لە کاردا کە زۆرجار دژایەتی سروشتی خۆی دەکات، بەڵام گرانی ژیان و گوزەران و خۆشگوزارانی و گەشت و گوزار بە کورتی ریفاهی ژیان زیاتر مرۆڤی کردۆتە رەنگاورەنگ.لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئەسلی مرۆڤ هەر دەمێنی گەر هەر چیبێ و رۆڵی هەرجەندە باش ببینێ..ناوەخنی ئەکتەر هەر بە دیاردەکەوێ..

## ناوەرۆکی چۆنایەتیەکان

بۆ هەر رێکخراوەیەک گرنگە کە کەسایەتیەکانیان ناوەرۆکی پتەو چاکیان هەبێ، بەتاییەت لە تیمی بیر کەرەوەکاندا ئەمە هەرچی زیاتر دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ڕێکخراوەو دام و دەزگاکانی..گریمان هەموو کەسایەتیەکانی ناو کۆمەلگا هەموو چۆنایەتیەکی چاکیان هەیە..

بەگشتی گەشەی چۆنایەتیەکان لە بەیەکەوە کارکردنی گشت دا رەنگ دەداتەوەو دەسکەوتی هەمووانە.لە واقعدا نابێ بلێن ئەم یان ئەو بەلکو دەبێ بڵیین ئەم و ئەو بەیەکەوە ئەوکات چۆنایەتەکی باشمان دروستکردووە.
بۆ گەشەدان بە کۆمالگای شارستانی دەبێ پێنج جۆر لە چۆنایەتی لە یەک ئاستدا ببەینە پێشەوە کە ئەمانەن:

- چۆنایەتی ئابووری
- چۆنایەتی کۆمەڵایەتی
- چۆنایەتی ژینگە
- چۆنایەتی دەوروبەرو مەوداکان
- چۆنایەتی پرۆسێسەکان

هەرچەندە ئەم چۆنایەتیانە لەگەل یەک هەنگاو هەلبگرن هێندەی تر کۆمەلگا گەشەدەکات.
کەسەکانی نێو ڕێکخراوەکان دەبی بۆ گەشەی ئەم چۆنایەتیانە کار بکەن..
ئاڵوگۆڕ بە کۆمالگا ئەرکێکی قورسە لە هەموو قۆناغێکی تێپەریندا رابەران ڕێچکەی ڕادیکاڵ و فیندمیتالیزمی دەگرنە بەر..نابێ هەر هێرش کەر بن بەلکو لە زۆرکاتتدا هەڵوەستە دەکەن و سەیری دەوروبەردەکەن..ئەمانە خەلکی ئاسای هەستیان پێ ناکات..بەڵام دەبێ بۆ کۆمەلگا ڕۆشەن بکرێتەوە..
چونکە رێکخراوەو دامودەزگاکان لە کەسانی جۆراوجۆر پێکهاتوون، کارگێرانی دەتوانن و دەبێ تێکهەلکێشک لە کەسەکانی نێو ڕێکخراو دا بکەن.شارەزایی کارگێری سیاسی لە ڕێکخراودا هەنگاوێکی گرنگە لە کاردابەش کردن و چالاککردنی کارمەندانی... بەنموونە کەسێکی خەیاڵی و خۆجیاکەرەوە لەگەڵ رەخنەگرێک و لێکۆلەرەوەیەک و کەسێکی ململانێکەرو پشت بەخۆبەستوو سۆشیال دەتوانن چۆنایەتەکی باش دروست بکەن.
گرفتە کۆمەلایەتەکانی رابردوو و ئاستی ژیانی ئێستا گرفتی کەسایەتی زۆری بۆ کەسەکانی نێو کۆمەلگا هێناوە، هیچ مرۆڤێ نیە گرفتی نەبێ بێ کەموو کوری نەبێ، لەهەمان کاتتدا مرۆڤ هێزی شارراوەی زۆرە، ئەمە تەنها لەکاتە نائاساییەکاندا ڕۆن دەبیتەوە.
ئالۆزی مرۆڤ رەنگدانەوەی بونیادی کۆمەلایەتییەتی و هەماهەنگ لەگەڵ سایکۆلۆژیای خۆیی و کەش و هەوای کۆمەلگا لە رابردوو و ئێستایدا..
مرۆڤ دەسکەوتی دەسکەوتەکانە کە ئەمەش لە زۆر حالەتتدا گرفتی زۆر بۆ ڕێکخراوە دروست دەکات. ڕژێمەکۆمەڵایەتەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوەندەیان مرۆڤ بە مرۆڤ بە کوشت داوە لە زۆر کاتتدا کەس چۆنایەتەکانی کۆمەلگا نابینێ هەر خەریکی خۆیەتی..ئەم کات باس باسێکی ترە..
گرنگترین وانە دەبێ کارگێری ڕێکخراو دەبێ لێی فێربێ ناسینی دژایەتیەکانە لە دەروونی ڕێکخراوەکەی دا..کاتێ ئەمە فێر بوو ئەکات بەڕیوەبردنی ڕێکخراو ئاسانە.پراستنی هاوسەنگی لە کۆکردنەوەی دژایەتیەکاندا گرنگترین ئامرازە بۆ گەشەدان بە ڕێکخراو دامو دەزگاکانی...




ئەم نموونەیە زۆر گشتییە دەکرێ بۆ هەموو ڕێکخراوەو دامو دەزگاکان مانایەکی هەبێ..ئاڵوگری بە گوێرەی شوێن و کات ئەم وەزعە ئاڵۆزدەکەن...

## کەڵتووری ڕێکخراوەو دامودەزگاکان

هەموو ڕێکخراوەیەک هەرچی بێ کەلتورێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم کەلتوورەش گۆرراوەو لە هەمان کاتدا لە خالە سەرەکیەکانی دا نەگۆرن.کەلتوور ناسنامەی ڕێکخراوەیە لە نێو کۆمەلگادا.کەلتووری ڕێکخراوەکان یانی شكڵ و شێوەی كاركردنی هەموو ئەندامانی ڕێکخراو لە تەواوی ژیانی ڕێکخراودا.کەلتوور مۆری ناسینەوەی ڕێکخراوەکانە بە چاک و خراپیەوە.هەموو کەس ڕێکخراوە کرێکاریەکان دەناسن چۆن ڕێکخراوەی خاوەنکارەکانیش دەناسن هەروەها رێکخراوە مەزهەبی و دینیەکانیش..هتد.هتد.
ئەم کەلتوورە دەسکەوتی مێژووی ڕێکخراوەکانە، لە ئەنجامی کاروچالاکیەکانی بەرنامەو پراکتیکدا لە دایک بوون.
نابێ کەلتووری ڕێکخراو بە پیرۆزی سەیربکرێت،بەلکو دەبێ بە شێوەیەکی دینامیکی و ئاڵوگۆر ببینریت لە دەورانە جیاجیاکاندا،ئەمەش لە کاتی هاوکاری و هەماهەنگی پیکەوەکارکردنی گشت دا بە ئەنجام دێت بۆ چۆنایەتیەکی چاک.
سەرچاوەی کەلتووری ڕێکخراوەکان بریتین لە:
1. پراکتیکی ڕێکخراوەکان لە ژیانی رۆژانەیاندا.ئەمەش خۆی لەخۆی دا لە مێژووی ڕێکخراودا بەرجەستە بوون و رەنگدانەوەیان لە دەروونی کۆمەلگادا هەیەو مۆر بە کۆمەلگاوە وەدەنێن لە زۆر دەورانی مێژوویدا.
2.پەیوەندیە ناوخۆییەکان و دەرەکیەکانی رێکخراوە.
3.شیوەی کارکردنی نێوخۆییەکانی ڕێکخراو و هەزمکردنی شێوە نوییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ شێوە کۆنەکان.
4. چۆنیەتی کارگێری و هەلسوورانی ڕێکخراوەکان.
کەلتوور مۆرێکە لایەنی چاک و خراپ لە خۆی دەگرێ، هەر کەسێک بچێتە نێو ڕێکخراوێکەوە بە خۆشی ناخۆشی دەبێ کەلتووری ڕێکخراو قەبووڵ بکات.لە هەمان کاتدا کاریگەری بەسەر خودی کەلتووردا دەبێ.
لە دەروونی هەر کەلتوورێکدا ئەمانە هەن:
1. شێوەکان و هێماکانی رێکخراو، ئەمانەش بریتتین لە زمان و شێوازی ئەدەبی تا دەگاتە بیناسازی ڕێکخراوەی ڕێکخراوەکە.. تەنانەت ئارم، جلوبەرگ،هەلسوکەوتی رۆژانەی تیمەکانی دەگرێتەوە.
2. بیروبۆچوون ، ئەمەش جۆرێکە لە ئۆتۆپیای ڕێکخراوەی، کە لەلایەک جێگیرو نە گۆرە لە لایەکی تر زۆر گۆرراو داینامیکیە..
3.پەیوەندیە پراکتیکەکانی ڕێکخراوە لە گەل دەورەبەرو کۆمەلگادا، ئەمە بەهایەکی مێژووییە،دەکرێ بە پۆزەتیف و نێگەتیف بێ، کۆمەلگا بریاری لە سەردەدا،مێژوو لێرەدا هەموو شتێ تۆمار دەکات و هیچ هێزێ بۆی نیە دەربهینی یان بیسرێتەوە.
4. بە هاو کارگێری و هەلسورانی ڕێکخراوە لە گشت ئاستەکاندا ( ئۆپراسیۆن،تاکتیک،ستراتیژ)،لیرەدا مەسەلە ستراتیژیەکان گرنگن، هێلی سوورن نابێ هەرگیز بپەرێنرین. ئەگەرچی لە دونیای ئەمرۆ تەنها لە کاتی هەلبژاردندا مەسەلەی بیروباوەر وەک مەسەلەیەکی بنەرەت دێنە گۆرێ.بەڵام دوای رۆژی هەلبژاردن بۆ چوارسالی تر هەلدەگیرێن..

هەر کەلتوورێک چوار دووری هەیە:




ئەم چوار دووریە خۆی لە خۆیدا لە دوو دووری پێکهاتوون، ئەیش رۆڵ و دەسەلاتن، کەسایەتیەکان و کارەکان هەم ئامرازێکن هەم دەستکەوتن بۆ دوو دووریەکان.
هەماهەنگی هەموویان لە کەلتووری ڕێکخراودا دەبنە هۆی گەشەسەندن و دینامیکی ڕێکخراو ئەگەر هاتوو ئەمانە بە گۆڕاوی سەیرکران و لە پراکتیکدا بۆ کۆمەلگا رۆشەن بووەوەو هەنگاوەکانیان درک پێکرد.
ئەگەرچی کۆمەلگای مۆدێرن هەر شکڵ و شیوەی لەلاگرنگە ناوەرۆک بۆتە لاوەکی...لە زۆر حالەتتدا..

**جۆرەکانی کەلتوور**

جۆرەکانی کەلتوور زۆر زۆرن،بەکورتی زۆر ئاڵوگۆڕن بە گوێرەی کات و شوێن، ئامانج و کارو چالاکیەکانی ڕێکخراوە دەگۆرێن، بەلام دەکرێ وەکو دووریەکانیان ببینن.
1. کەلتووری دەسەلات:
ئەمە کەلتووری ئەم رێکخراوانەن کەوا بنەماکانی دەسەلات دەخەنە دەستووری کارەکانیانەوە.لیرەدا تیورو پراکتیک شانبەشانی یەکدا لە پرۆسەیەکی درێژ خایەندا خۆی دەبینێتەوە.
2. کەلتووری رۆل گیران:
ئەمە کەلتووری کۆمەلێک رێکخراوەی تایبەتین لە دەروونی دام ودەزگاکانی راگەیاندنی رەسمی و غەیرە رەسمی.لیرەدا کەسەکان هەموویان بە هۆشیاریەوە ئەم کارانە دەکەن.کە لەزۆر جاردا کاری زێدەرۆی یان زیان بە چارەنووسی ڕێکخراو دەگەیەنێ. بە پێچەوانەواش ڕاستە.
3.کەلتووری کارەکان:
کەلتووری ئەم ڕێکخراوانەن کە زیاتر پێ لەسەر پراکتیک دا دەگرن.
هەروەها دام و دەزگاکانی پرۆژە بنیاتنەرەکان ئەم کەلتووارنەیان هەیە،تەنها کارکردن، ئەوی تر هەر زۆربلێیە و هیچیتر.
4. کەلتووری کەسایەتیەکان:
رابەرانی هەر ڕێکخراوەیەک جۆرێک لە پەروەردەو شێوەی سیستەمی کەسایەتیان هەیە،ئەمە لە کاتی ژیانی ڕێکخراوەیدا زال دەبێ بە بی هەست کردن پێ تا کاتێ دێ کەسانی تیمی بیرکردنەوە تەنانەت تیمەکانی تریش هەمان هەلسووکەوت ی سیاسیان یان فەرهەنگیان هەیە.خۆ ئەگەر سۆفیانە بیگرن ئەوا تەنانەت شکل و شێوەشی لاسا دەکەنەوە.
ئەمە ئۆتۆریتە بە کەسەکان دەدا بەڵام لەلایەکی تردا ڕێکخراو ستاتیکی دەیلیتەوە و هەر لە شوێنی خۆیدا دەوەستێ،چونکە هەر یەک سەرچاوە راستە ئەوانی تر نا.

**بەکورتی**

کەلتوور یانی هەر ئالایەکی سوورت دیت بە چەکوش و داسەوە ئەوە بۆ هەموو کەس ڕۆشنە کە کۆمۆنیستەکانن.یان چۆن هەر ئالایەکی رەشت دیت ئەوە دەکرێ بڵی ئیسلامیەکانن.جا بە هەموویەوە رووخسارو ناوەرۆکیانەوە.

## پێشەکی بۆ پەیوەندیەکان

گرفتەکان و هۆیەکانیان و تووڕەبوون و ئاشتی و خۆشی و ناخۆشیەکان پێویستیان بە پەیوەندیەک هەیە.هەر لە سیاسی و سیاسەتمەدارەکان ، خاوەنی کۆمپانیا و مەلای مزگەوت و پاکیزەکانی نێو کلێسەکان تا دەگاتە سەرباز و پلەدارەکان و دوو دلداری نێو زانکۆکان پێوستیان بە وە هەیە پەیوەندیەکی رێکوپێکیان هەبی..هتد.هتد.
هەموو تاکەکانی کۆمەل لە کارو ژیاندا پێوستی حەیاتیان بە گەشەدان بە پەیوەندیەکان هەیە تا بتوانن بە یەکەوە هاوکاری و تەبای لە دەروونی کۆمەلگای شارستانی بە دەست بێنن.گەشەدان بە پەیوەندیەکان دەبێتە هۆی کۆتای هێنان بە کارهێنانی هێز وەک ئامرازی پەروەردە لە ژیانی کۆمەلگادا، کە ئەمە کوشندەترین نە خۆشی کۆمەلگا رۆژهەلاتیەکانە، زمانی دیالۆگ دەبێتە ناوەرۆک نەک تۆقاندن، یاسای جەنگەلی روو لە کۆتای دەکات و سەرەتای ژیانێکی تر دەست پێدەکات کە بۆ زۆر کەسانی کۆمەلگا نامۆیە. بەکۆمەلایەتی بوونی و گەشەدان بە پەیوەندیەکان لەسەرەتاوە ئەرکی تیمەکانی بیرکردنەوەیە ئەم سوونەتە لە دەروونی ڕێکخراوەو دامودەزگاکان کارپێبکەن و خۆیان پێش هەموو کەس بە پراکتیکی بکەن.
لەلایەکی تر هۆشیاری خەلک بە گشتی بۆ مەسەلە گرنگەکان رابکێشرێن و خەلک بۆ گۆران و پەرەسەندنن ئامادە بکرێن.لەلایەکی تر دا دەبێ کەسانی تایبەتمەند لەم بارەیەوە دەست بەکاربن و مەسەلە تیوریەکان بە راستگۆی بخەنە روو لە ناوەندەکانی پەروەردەو فێر کردندا لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا.
بۆ ئەوەی چۆنایەتی پەیوەندیەکان هەرجەندە گەشەبکات و پەرەبسێنێ ئەوا دەبی لە ئاستی کۆمەلگا کەسانی بەتوانا لە شوێنی شایستەدابن و بەرپرسیارەتی تەواو هەلبگرن و لە هەموو هەنگاوەکانی کاردا لێپرسینەوە هەبێ و کۆتای کارەکان دیاریبکرێن.
بۆ ئەوەی پەیوەندیەکان خزمەتی تەواو بە دام ودەزگاکان بکەن لە گشت ئاستەکاندا، ئەوا دەبێ لە ئاستی ستراتیژی سەیری بنەما و رێچکەکانی بکرێت بە گشتی و هەردەم چاودێری لەسەر مەسەلە گرنگەکانی کۆمەلگا هەبن و خەلکی هەموو بە ئاستەبگەیەنن کەوا کۆمەلگا بەرپرسیارە لە بەرێوەبردنی دامودەزگاکان نەک کۆمەلە کەسێ.. ئەوکات کۆمەلگا لە ئاستیکی تردا قەرار دەگرێ کە ئامانجی لە مێژنەی مرۆڤایەتیە.ئەمەش هەر مەسەلە سەرخانەکان ناگرێتەوە بەلکو دەبێ ژێرخانی کۆمەلگای شارستانی بینابنرێت.کە لەسەر بنەرەتی هەموو مرۆڤەکان لەبەرامبەر یاسادا یەکن تەنها جیاوازیان لە ئەرکدایە و مافەکانیان بە گوێرەی لێپرسراویەتیە و بەرپرسیاریانە لە ئەرکاکاندا.

لێرەدا چوار شێوە دەبنە هۆی گەشەدان بە پەیوەندیەکان:

+ پەرەسەندن و گەشەدان بە هۆشیاری کۆمەلایەتی. ئەمەش نەک تەنها لە نێو رێکخراوەو دامو دەزگاکاندا بەلکو لە سەرئاستی کۆمەلگا دەبێ کاری بۆ بکرێت.
+ لێکۆلینەوە لە گیروگرفتە داهاتووەکان، دەست نیشان کردنیان و دۆزینەوەی چارەی پێشوەخت بۆیان، تابتوانن لانیکەم ئاشنای باش و بەرچاو بە گرفتەکان هەبێت و نەبنە سەرسورمان بۆ ئەندامانی ڕێکخراو.دەبێ تیمی بیرکەرەوەکان باش مامەلە لەگەل ئەم مەسلانە بکات، چونکە بۆ هەندی ئەندام لایەنی نێگەتیفی دەبێ.
+رۆشنی ستراتیژی ڕێکخراو بۆ ئەندامان و کۆمەلگا..ئایندەو ئالوگۆرەکانی کۆمەلگا زۆر گرنگن تا بەردەوامی ڕێکخراو زامن بکرێت،هەر ڕێکخراوێکی زیندوو دەبێ و پێویستە ستراتیژی رۆشنی هەبێ لە گشت مەسەلە حەیاتیەکان، تا بتوانی وەلامدەرەوەی گشت رووداوەکانی بێ و هەردەم بە پوختی کارەکانی ئەنجام بدات.ئەگەرهاتوو ئەمە لە دەزگای وون بوو ئەوا رێکخراو کاتیە و بەس.ئەوکات مەسەلە مەسەلەیەکی ترە.

+ گەشەدان بە پراکتیک و ( ئیمپریزم)ی ڕێکخراو و دامودەزگاکان. گەشەدان بە پراکتیک و هەلوەستە کردن لە سەر تەجرەبەکان کلیلی زۆر لە گرفتەکانن و دەرگاکان ئاوالا دەکەنەوە، ئەندامانی رێکخراو دەبێ زۆر چاک مامەلە لەگەل پراکتیکدا بکەن، لە واقع دا کۆمەلگا بەس پراکتیک وەک سەنگی مەحەک سەیردەکات و حیسابیان بۆ دەکات.

لێرەشدا دەبێ ئەمە بلێین کەوا کارکردن بۆ هەرچوار شێوە لە یەک ئاستدا دەبێتە ئەوەی هەرچی زیاتر گەشە بە ڕێکخراو بدات و پەرەی پێبدات.چڕ بوونەوە لەسەر هەموو شێوەکان هاوسەنگیەکی تەواو لە ڕێکخراو دا دروست دەکات و داینامیکیەتی پێ دەسپێرێ.لە هەمان کاتدا فاکتۆرە دەرەکیەکانی کە کار لەسەر کۆمەلگا دادەنێن لەگەل فاکتەرە ناوخۆیەکان ..هتد کار لەسەر هاوسەنگی رێکخراو دادەنێن.

**مەرجەکانی پەیوەندیەکان**

بۆ ئەوەی ناوەرۆکی پەیوەندیەکان فێربین دەبێ بزانین چی لە باکگراوندی پەیوەندیەکاندا رۆلی سەرەکی دەبینیت، باشیترین پەیوەندی چۆنە و چی نیە؟
لیرە با چەند نموونەی دژ بەیەک باس بکەین:ئایا کەسێکی مرۆڤ دۆست باشترین پەیوەندی هەیە لە نێو کۆمەلگا یان کەسێکی راسیست..ئایا کەسێکی ئایدیالیست یان کەسێکی ماتریالست باشترین پەیوەندی دەتوانێ دروست بکات.
باشترین پەیوەندی پێوانەی نیە،پەیوەندی بەمە نیە لە چ ناوەندێکی فکری یان چینایەتی دای، پەیوەندیەکان زۆر ئالوگۆرن، فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆیەکان لەگەل سایکۆلۆژیای مرۆڤەکان شێوەیەک لە پەیوەندی بەرهەم دێنن.کە خۆی لە کەسەکان نێشان دەدات.بە کورتی شوێن و کات، هەلومەرجی زاتی و مەوزوعیەکان کار لەسەر پەیوەندیەکان دادەنێن و سەرخەتەکانی دیاری دەکەن.
بەڵام دەتوانین هێندی لە پیوەرەکانی پەیوەندی باس بکەین:
+ ئامانجەکانی ڕێکخراوەو دامودەزگاکانی چۆنیەتی پێکانیان لە پراکتیکدا.
+ چۆنیەتی بەرێوەبردن لە ڕێکخراودا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.
+ گەشەدان بە مەرجە کۆمەلآیەتیەکان لە نێو ڕێکخراودا، چۆنیەتی چڕ خستنە سەر گیروگرفتەکان و چارەسەرکردنیان.

بۆ رابەرێکی سیاسی کە نوسەری پلاتفۆرمی بەرنامەی پارتەکەیە یان ئەرکی بەڕێوەبردنی ئۆرگاناکانی پارتە بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمی پارت لە باری پراکتیکدا ئەوا دەبێ زۆر تەئکید لەسەر پەیەندیەکانی ناوخۆیکات و خالە بەهێزولاوازەکانی ببینیت و بە ئاسانی دیاریان بکات.ئەوکات هەلسوراندنی دامودەزگاکانی رێکخراو و گەشەکردنیان ڕێچکەی واقعی خۆی دەگرێ...

**پەیوەندیەکان چین**

 بۆ ئەوەی لە پەیوەندیەکان بگەین،پێویستە بزانین چۆن لە پەیوەندیەکان دەگەین،چۆن پێش ئەوەی دەست بە جارەسەربکەین دەبێ بزانین گیروگرفتەکانمان چین..بەرنامە و هەنگاوەکانمان چین...ئەمانە گشت باس و خواسێکی ژیانی کۆمەلایەتی پێوەیستیان بە وەڵام و هەلوێست هەیە.
بەکورتی پەیوەندیەکان دەکرێ ئەوەندە سادەبکرێتەوە کە کەسێ دەیەوێ شتێ بە بەرامبەرەکەی بلێ، جا چ تاک بێ یان کۆمەڵ..تێی بگەیەنی..چ دەوێ یان چی پێدەبەخشێ..لە هەمان کات پرۆسەکە دوو لایەنە.
پێکهاتەکانی بریتین لە ناوەرۆکی پەیام (باسەکان)،پەیامنێر، پەیاموەرگر..
ئەگەر پەیامنێر زمانی بەکارهێنا ئەمە یانی پەیامەکە شەفەوییە،ئەگەر پەیام نوسراو و رەسمی بوو ئەوا پەیام بریارە یان رەسمیە دەکرێ بڵیین..ئەم جۆرە پەیامانە پییان دەلێن پەیامە شعوریەکان (هەستدارەکان)،ئەگەر لەبری ئەمانە پەیامنێر شتی تری بەکارهێنا وەکو ( ئیشارات،وێنە، یان هەرشتێکیتر ) یان بزوتنەوە لاشعوریەکان،بە هەموویان دەلێن پەیامە لاشعوریەکان لەهەمان کاتتدا هەموو جۆرە پەیوەندیەکان پێکهاتەیەکی ماددیان هەیە، پەیامنیر هەولدەدات و دەبێ شتێکی مەلموس بە پەیاموەرگر بگەیەنێ..
لەهەمان کاتدا پەیام وەرگر دەبێ شارەزای باشی هەبێ لە حالی بوونی پەیامەکان و پەیامنێر خۆشی، ئەوکات هەر چاوترەکاندنێک مانای خۆی هەیەو کافیە بۆ کارەکان..لەهەمان کاتتدا پەیامنیر دەبێ بزانێ کەی وە چۆن لە چ کەش و هەوایەکدا پەیامەکان بە شێوازی جۆراوجۆر بە پەیام وەرگر دەگەیەنێ، ئەمەش زۆر جار مێژوویەکی درێژ خایانی هەیە..

هەموو پەیامێک ئەک یان چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە.لە نێو پەیامدا جەندین زانیاری هەیە،دەبێ پەیامنێر زانیاری تەواو بە پەیاموەرگر بگەیەنێ تا پەیام بەئاسانی وەربگرێت و لەهەمانکاتت دا نارۆشناییەکانی پەیام ناهێلێ..
پەیوەندیەکان لە واقعدا جۆراوجۆرن و رەنگاورەنگن،بە هوشیاری و عەفەوی لە دەروونی کۆمەلگادا مەوجودیەتیان هەیە.
هەموو پەیوەندیەک پێویستی بە ئامرازو هۆکاری تایبەتی هەیە، خەلکی ئەمانە هەرچۆنی بێ بۆ خۆی فەراهەم دەکات جا چ شعووری بێ یان لاشعووری..
سەیری مرۆڤە کەرولالەکان بکەن، یان کوێرەکان هەریەکەیان بە جۆرێ مامەلە لەگەڵ دەوروبەری دەکات و لە هەمان کاتدا کۆمەلگاش بە جۆرێ لەگەلیان هەلسووکەوت دەکات.پەیوەندیەکانی ئەوان لەگەل کۆمەلگا هەمان پەیوەندی مرۆڤەکانی ترە بەڵام بە شێوەی جیا.هەمووشمان بە زمانی کۆمەلگا قسەدەکەین.

بۆ کەسێکی هۆشیار لە تیمی جیاجیادا لە رێکخراوێکی مۆدیرندا ئەوەندە ناوەندی پەیوەندیەکان فراوانە تا بتوانی بە ئاسانی پەیامەکانی بگەیەنێ.
زۆرجار پەیامنێرەکان ئامرازی جۆراوجۆرو مججەرەد بۆ پەیامەکانیان بەکاردێنن،ئەمە کاتێک دەبێ ئەگەر پەیام گشتی بوو وە بۆ گشت بوو، ئامرازەکان ئامرازەکانی میدیان..
گرنگترین شت لە پەیام ناوەرۆکی پەیام نیە لە دونیای ئەمرۆدا بەلکو لایەنە خەیالیەکانی پەیامە، دەنگ و رەنگ، جۆنیەتی راوەستان، هەناسە ، ئیشاراتی پالەوانی..بێ باکی کۆنترۆلی تەواوی پەیام و دەورەبەری هتد هتد..

## جۆرەکانی پەیوەندیەکان

جۆرەکانی پەیوەندیەکان زۆرن، بەلام ئەمانە پەیوەندیان بە مەرجەکان و بنەما کۆمەلایەتیەکان هەیە.هەر ڕێکخراوە چۆن کەلتووری تایبەتی هەیە ئاواش جۆرێک لە پەیوەندی ناوەخۆی هەیە.کە ئەمانەش هەموویان خۆیان لە مۆدیلی پەیوەندیەکان دەدۆزنەوە.
سەرەتا دوو جۆر لە پەیوەندی هەیە ئەوانیش پەیوەندە شعووریەکان و لاشعووریەکان، لە بنەرەتدا ئەمانە رووی دراوێکن. کە هەردووکیان پەردەیەک لە نێوان پەیامی نوسراو و نەنوسراو دادەنێن.ئەگەرچی لە واقعدا هەردووکیان لە کاتی پەیام دا بە یەککات بەکاردێن.چەنکە لەکاتی کە پەیامنێر پەیامەکەی دەگەیەنێ هەرچەندە نوسراوبێ بەلام هەر لایەنە خەیالیەکانی لاشعووری پەیام دەنوێنن.
بەنموونە لە کۆبوونەوەکاندا کە هەردەم زمان بەکاردێت، لە پاڵ ئەویش هەستە لاشعووریەکان بەکاردێت شان بە شانی گفتووگۆکان.هەروەکو سەرلەقاندنی جۆراوجۆر کە هێندی جار مانای وایە لەگەلتدام هێندێ جاریش وانیە، لەگەلت نیم.زانیاریە لاشعووریەکان هەر بە ئیشارات نین بەلکو بەزۆر جۆری ترن وەکو رەنگ گۆران، هەناسە سواری و دەنگ گۆران، لیدانی دل بەرزبوونەوەو بەرزبوونەوەی پالەپەستۆی خوێن....هتد.
دەبێ پەیامنێر هەولبدات شێوەو ناوەرۆک لە سوودی یەک بەکاربێنی کە لێرەدا هەستە شعووری و لاشعووریەکانن. دەبێ هەردەکیان لەگەل یەکدا بێنەوە.ئەوکات بۆ پەیاموەرگر زۆر ئاسانە و سادە پەیام وەردەگرێ.
ئەگەر ئەم دووە کەوتنە دژایەتی ئەوکات پەیامنیر گرفتی بۆ دروست دەبێ..بەتایبەت ئەگەر هاتوو پەیامنێر لە تیمی خوارتبوو لە پەیاموەرگر..
زۆرجار شێوەزالە بەسەر ناورۆک.بەتایبەتی لە دونیای ئێستادا،پەیاموەرگر ئەوندەی سەیری جل وبەرگ و ووشەی جوان و رەنگاورەنگدەکات ئەوەندە گوێ لە ناوەرۆکی پەیام ناگرێت.ناوەرۆک لە زۆر حالەتدا دەبێتە مەسەلەی کات و دوای لە پراکتیکدا جارەسەردەکرێ.خەلکیش چەپلە لێدەدەن بە لاشعووری یانی لەگەلت داین، بەڵام پەیامنێر دەتوانێ دەموچاوەکان باش بخوێنێتەوە، ئەگەر لەگەل خۆی راستگۆ بێت.هەستە لاشعووریەکان بەرجەستەی کۆمەلگان، لەهەر کۆمەلگایەک یان وولاتێک بە جۆرێک لە زەینی مرۆڤەکان چەسپ بووە.

+ پەیوەندە شعووریەکان:
وەزعەکانی پەیوەندیەکان یان جۆری پەیامەکان،یان کەش و هەوای کۆبوونەوەو پەیوەندیەکان وا پێویست دەکات کە پەیام بە نووسین یان بە زمان و کەرەستەی میدیا بە پەیاموەرگر بگەیەنرێت.
پەیوەندیەکان دەکرێ یەکسەرەبێت لە نێوان پەیامنێرو پەیاموەرگردا.لەهەمان کاتدا هەستە لاشعوریەکان یارمەتیدەرن بۆ زیاتر رۆشنای و تێگەیشتنی پەیام.
لێرەدا پەیامنێر دەبێ زۆر توندی لەسەر شێوەی نوسین و زمانی بکات، دەبێ زۆر پوخت و رەوان و سەرنج راکێش بن، ناوەرۆک لێرەدا دوای خۆی خۆی زاڵدەکات.
دەبێ پەیامنێر زۆر لەسەرخۆ ووشەکانی بباتە نێو گوێ پەیاموەرگر و هەستەکانی گوێگران بۆ لای خۆ وەربگێرێ و بتوانی ئۆتۆریتە لە وان وەربگری.
لە هەمان کاتدا پەیامنێر دەبی زۆر بە رۆشنی بۆ گوێگرانی بدوێ.
دەبێ بۆ گشت رۆشن بێ پەیامنێر دەیەوەێ چ بنێری و بۆ کوێ دەدوێ،کاتەکانی پەیام زۆر گرنگن. کەی دەست بۆ ووشە دەبات رابەرانی تیمەکانی بیرکردنەوە دەبێ ئەو کاتانە جاك درک پێبکەن و لە کاتی مناسب دا دەبێ نەزەری دروست و حەساس بدەن و هەمووان دلنیا بکەن.
لێرەدا مۆدیلی پەیوەندیەکان دەوری خۆیان دەگێرن و هەموو کەس هەستیان پێدەکات.
پەیوەندە تاکەکان لێرەدا جیان لە پەیوەندە کۆمەلایەتی و بەرفراوانەکان،لە ناوەرۆکدا هەر یەکن بەڵام لە شێوەو ئامرازەکانی گەیاندیان جیان.

## سەرنج ڕاکێشان

بەکورتی: چۆن بە ئاسنترین شێوە سەرنجی تاک یان کۆمەڵ بۆ خۆت کێش دەکەی بۆ ئەوەی بە حەسرەتی ووشەکان و بینن و دواندنت بن. یانی بە ئاسانترین شێوە ئۆتۆریتەی لە تاک یان کۆمەل زەوت دەکەی..
گرنگترین هۆ کار بۆ گەیشتن بەم ئاستە کە ئۆتۆریەتە لە تاک یان کۆمەڵ وەربگری ئەوا هۆشیاریەکی ڕێکخراوەی دەوێ لە هەمان کاتدا پرۆسەیەکی دوورو درێژە پشووی زۆری دەوێ..لە لایەکی تردا مەسەلەیەکی ئیدیالە واتە دەبێ بەختت و شانسی باشت هەبێ، کەشوو هەوای مناسب بۆ هەموو کەس ڕێک ناکەوێ تا ئەم رۆلە ببینێ لە هەمان ڕێکخراوەو دام و دەزگادا..لە هەمان کات لە دەست نەدانی فرسەتی مناسب لە کاتی کەتاک یان کۆمەلگا ئۆتۆریتە بە دیاری پێشکەش دەکات.
بۆ بەدەست هێنانی پێش مەرجەکانی سەرنج راکێشان لە نێو ڕێکخراو یان دامودەزگاکانی دەولەتدا، پێویستی بە دەورانێکی کاروجالاکی هەیە.ئەم دەورانە لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤی تیدایە.هیچ کەسێ لە دونیادا ناتوانێ رابردووی خۆی لە مێژوو کە نێگەتیڤ بووە بگەرێنێتەوەو بە پۆزەتیڤ بە کۆمەلانی خەلکی بسەلمێنێ.دەکرێ بە دەوروبەری خۆی بسەلمێنێ،چونکە مێژووی ئەوانیشە..ئەمەش مەسەلەیەکی ترە.
لە تیمەکانی بیرکەرەوەدا هەردەم هەوڵ بۆ ئەمەیە چۆن دەکرێ ئۆتۆریتە لە دەروونی تیمەکاندا گەشەی پێدەدرێ.
لە دەروونی ڕێکخراوەدا زۆر گرنگە ناوند و مەرکەزیەت هەبێ، کە بۆ هەمووان وەک یەک ئۆرگانی کاربکات،لێرەدا سەرنج راکێشان بەشێکە لە دیسپلینی ڕێکخراوەی، ئەم کات تیمەکانی تر ناچارن سەرنج بۆ پەیامەکان بدەن، بەڵام تەمەنی ئەم ناچاریە ئەوەندە درێژ نیە.
پەیامنێرەکان دەتوانن هەماهەنگی لە نێوان دیسپلینی ڕێکخراوەیی و توانای شعووری و لاشعووریەکان خۆیان دەبێتە چاکترین هۆ بەدەستیان تا بتوانن هەرچی زیاتر گەشە بە ڕێکخراوەکانیان بدەن.

با ئێستا باس لە هێندێ لە هەستە شعووری و لاشعووریەکانی پەیامنێر بکەین لە کاتی پەیوەندیەکانی دا...
زمانی پەیامنێر زۆر گرنگە چۆن، بۆ کێ پەیامدەنێرێ...هتد.شێوەی دانیشتن و ڕاوەستان و هەناسەو چاولەچاو کردنی لەگەل پەیاموەرگردا، زۆر سادەو رەوان تەعبیر لە پەیام بکات و لە سەرخۆو ووشەکانی خۆی بە گشت بگەیەنێ، بەبێ دوودڵی و زۆر دیپلۆماسیانە لەگەڵ گشتدا خۆی بلوێنێ و رۆشن قسەبکات..
زۆرجار راستیەکان بۆ هەموو کەس رۆشنە بەڵام فۆرمۆلە کردن و تەقاندنەوەی مەسەلەکان لە سات و کاتی خۆی دا زۆر گرنگن. تیمەکانی بیرکردنەوە دەبێ هەردەم ئەمانەیان لەبەر چاوبێت.
بۆ پەیامنێر زۆر گرنگە کە تەکید(شەددە) لە سەر ئەم ووشانە بکات کە سەرنجی گشت کێش دەکەن، نەک هەر لە ناوەخۆ بە لکو لەدەروەش..هەموو پەیامنێرێک دەبێ بزانێ سنووری پەیام هەر لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکەی نیە و پەیام سنوور ناناسێ....
پەیامنێر دەبێ هەیکەلی پەیام و بنەماکانی لە لا رۆشن بێ تا بتوانێ مەسەلەکان لە کۆتای بەئەنجام بگەیەنێ..
لە هەموو رێکخراوەو دامودەزگایەکدا هەروەکو کەلتوورەکانیان ئاوا پەیامنێرو شکڵ و شێوەی پەیامەکانیان بەرهەمدێنن.تەنانەت لە زۆر حالەتدا جەماوەرەکانیان هەمان هەلوێستیان هەیە..تیمەکانی بیرکردنەوە ئەگەر تۆزێ دراسەی ڕێکخراوەو دامودەزگاکانیان بکەن، تۆزێ سەیری دەوروبەرو تەواوی رووداوەکان بکەن ئەوا پەیامەکانیان دەتوانن زیاتر کەریگەر بکەن لەسەر گشتدا..
سەرنج راکێشان هەنەرە هەموو کەس لەم هونەرەدا بالادەست نیە، تەنها ئایدیالیستەکان نەبێ ئەوانیش خوا و پێغەمبەریان بۆ هەیە..
بە کورتی

سەیری ئەم هێلکاریەی خوارەوە بکە:
لێرەدا بە روونی دیارە کەوا هەستەکانی بە ئاگایی و بێ ئاگایی چەندە کاریگەریان لە سەر یەکتر هەیە.


هەستە لاشعوریەکان
- چاو لە چاو کردن
- ڕاوەستان
- دەم و چاو و جل و بەرگ..هتد.
- لەرانەوە لە رستەکاندا(موزییک)
- هەناسە
- دەنگ
- ڕێکی رستەکان
هەستە شعووریەکان
1. ڕستە ڕەنگاورەنگ
2. خێرایی
3. کات رەچاوکردن
4. کورتکراوەو بەرەنجام

## کەناڵەکانی پەیوەندیەکان

گرنگترین کەنالی پەیوەندیەکان زانیاری گۆرینەوەیە بە شێوەی جۆراوجۆر.

زانیاری گۆرینەوە دەکرێ بە زۆر شێوەو هۆکاری جیاجیا بێ، یەکێ لە پەیوەندە ناسراوەکان پەیوەندەکانی لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە.ئەوەی لێرە زیاتر دەمەوێ باسی بکەم پەیوەندەکانی لە خوارەوە بۆ سەرەوەو پەیوەندە لارەکانە(بڕرەکانە).
هەروەها پەیوەندە تەریبەکان کە ئەوانەن لە کەنال و هێڵی نادیارو نایەکسەردا بەیەک دەبەسترێنەوە، هەروەها پەیوەندە تەونە جالجالۆکەکان هەن کە هەمە چەشنەن و لە دامو دەزگای دەولەتیدا تەکییدیان لەسەردەکریتەوە.
هەموو ڕێکخراوەیەک هەرچی بێ دەبێ زانیاری تەواوی لەسەر ئەندامانی خۆی هەبێ یان تیمەکانی بیرکردنەوە زانیاری تەواویان لەسەر خودی ئەندامان و ڕێکخراو هەبێ.
لە خوارەوە هێلکاریەک بۆ روونکردنەوەی کەنالەکانی پەیوەندیەکان دەکێشین..



**پەیوەندە کەسایەتیەکان**

پەیوەندیەکەسایەتیەکان ئەو پەیوەندیانەن کە دوو ئەندامی تیمێک یان دوو تیمی جیاجیا لە یەک ئاستدا یان لە ئاستی جیاجیادا بە یەکتر دەبەستێتەوە و مۆدیلی پەیوەندیەکان و پرۆسەکانی پەیوەندیەکان خۆیان تیا دە دۆزنەوە.

زۆر جار ناوەرۆک و شێوەی پەیام شکل و شێوەی پەیوەندیەکان دیاری دەکەن.

ئەم پەیوەندیانەش یان بە شەفەویە( تەنها زمان بەکاردێت) یان نەنوسراوە کە ئەمەش هۆی خۆی هەیە، یان ئەوەتا نوسراوەو لە شکل و شێوەی رەسمیاتدایە. پەیوەندیە شەفەویەکانیش هەر رەسمین و کاریان پێ دەکرێت.

خودی پەیوەنیەکان لە دامودەزگاکانی وولاتانی پیشەسازی دا میدیایەکی تایبەت بەکاردێت بۆ پەیوەندە ناوخۆ ی و دەرەکیەکان.

ئەم میدیایە ناوخۆییە تۆرێکی زانیاری بەرفراوانە کە زانیاری تەواو لە بارەی دامودازگاکانی تیایە.

بۆ گشت کارمەندانی تیمەجیاجیاکانی رێکخراوەو دامودەزگاکانی.لەهەمان کاتدا لە تۆری ئنترنیتی گشتیدا ئەوا زانیاری گشتی لەسەر دامودەزگاکان دەدرێت.

سەرەرای هەموو ئەمانە لە زۆربەی دامو دەزگاکان و ڕێکخراوەکاندا بلاوکراوەو ئۆرگانی تایبەت و هەوالنامە ....هتد..هتد. خۆی هەیە.هەموو ئەمانە یارمەتیدەری چاکن بۆ گەشەدان بە پەیوەندیەکان.

لێرە هێندی باس لە پەیامی نوسراو دەکەین.کە گەشتەی زۆر بە پەیوەندیەکەسایەتیەکان دەکەن، لە هەمان کاتدا بەلگەیەکن بۆ گشت لێکۆلینەوە باسێکی جدی لەسەر رێکخراوەو دامودەزگاکانی.

هێندی لە سیفەتەکانی پەیوندە نوسراوەکان:

1. هەموو ئەندامانی ریکخراو پەیامەکانیان بەدەست دەگات و لە سات و کاتی دیاریکراودا. ئەمە دەکرێ زانیاری بە نەیارانی رێکخراو دامودەزگاکان بدات، ئەمە لایەنێکی نێگەتیڤیەتی.

2. پەیامنێر دلنیادەبێتەوە لەوەی کە پەیامەکانی بە هەمووان گەیشتووە.لایەنی چاک و خراپی لە پراکتیکدا روون دەبنەوە.

3. پەیاموەرگرەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن هەلوێست لە پەیام وەربگرن.

ئەمانەو گەلێکی تر کە زۆر ئالوگۆرن بە گوێرەی کات و شوێن و ڕێکخراوەکان دەگۆرین.

بەراوردێکی سادە لە نێوان پەیوەندە کەسایەتیەکان و پەیوەندە غەیرە کەسایەتیەکان (نوسراوەکان) دەکەین:

پەیوەندەکەسایەتیەکان

- دەکری هەردەم پەیامنێر پرسیار بکات کە پەیامەکەی گەیشتووە یان نا.
- پەیامنێر دەکرێ کاریگەریەکانی پەیام لەسەر پەیام وەرگر ببینێ.
- پەیامنێر دەتوانێ یەکسەر کار لە هەست و سۆزی پەیاموەرگر وەربگرێ.
- زۆر خێرانیە و لە ئاستی دیاریکراودایە.
- ئەم پەیوەندیە بۆ گشت تیم و ئاستەکان دەبێت.
- هەستە لاشعووریەکانی هەمووان رۆشنە.

پەیوەندەغەیرە کەسایەتیەکان:

- تەنها لە ڕێگای کەنالەکانیدا دەکرێ پەیامنێر بپرسێ کە ئایا پەیامەکانی گەیشتووە یان نا.
- هەموو ئەندام و ناوەندەکان پەیامیان بە دەست دەگات.
- زۆر خێرایە و لە ئاستی بەرین دایە.
- لایەنە لاشعووریەکانی پەیاموەرگر ئاوا رۆشننیە،پیویستی بەلێکۆلینەوە هەیە.

## پەیوەندە ئاسۆییەکان

ئەو پەیوەندیانەن کە وا لە یەک ئاستی ڕێکخراوەیی لە نێوان کەسایەتیەکان یان هەمان تیمەکانی جیاجادا بەرقەرارە.
ئەم شێوە لە پەیوەندیە بەرینای پەیوەندیەکان زیاتردەکات و کارو کاردانەوەی کەسەکان و تیمەکان دینامکی تر دەکات.ئەمە دەبێتە بە کۆمەلایەتی بوونەوەی ڕێکخراو چونکە مەوداکەی زۆر فراوانە.
کەنالەکانیشی هەردوو جۆرن وەکو پێشتر باسمان کرد.
پەیوەندەکەسایەتییەکانی بریتین لە:
- کۆبوونەوەی بەردەوامی ڕێکخراو.
- چاوپێکەتنی بەردەوام
-وورک شۆپ.-werk shop
پەیوەندە نووسراوەکانی بریتین لە:
- ڕاپۆرت
- نوسراوە ناوخۆیەکان...هتد.
لەپراکتیکدا پەیوەندیە ئاسۆیەکان کاریگەریەکی جدی لەسەر رێکخراوو دامودەزگاکانی دادەنێن و رۆلی پشتیوانی بۆ پەیوەندە ستوونیە رۆتینیەکان دەگێرن.
بەرفراوانی پەیوەندی ئاسۆیی دەبێتە بەرفراوانی بنکەی ڕێکخراو و دامودەزگاکان.

## پەیوەندییە بڕرەکان (لارەکان)

ئەو پەیوەندیانەن کەوا لە نێوان ئاستی ڕێکخراوەیی جیاجیادان و هەروەها لە نێوان کەسانی جیاجیا لە هەمان تیمی کارکردندا یان لە تیمی جۆربەجۆردا.
زانیارەکانی ئەم پەیوەندیە زۆر جار پارێزراو و بە بەلگە و لێپرسراویەتی دیاریکراو و دیسپلینی ڕێکخراوەییان هەیە.
بوونی ئەم جۆرە پەیوەندیە لە دونیای ئێستا زۆر گرنگە، دەبێ هەموو ڕێکخراوەیی ئەم جۆرە پەیوەندیانە لە نێو خۆیدا گەشە پێبدا تا لانی کەم بتوانێ بنەما سەرەکیەکانی خۆی بپارێزێ و لە گرفتەکانی خۆی ئاگادار بێ.

## پەیوەندە ستوونیەکان

پەیوەندی تەقلیدی لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە..ئاغا و میر و پارەدار لەسەرەوە حوکم و حاکمن و پاڵەو کرێکارو هەژار هەردەبێ لەخوارەوەوەکو سەرباز چاوەروانی بریارن و دەست لەسەر سنگن..ئەمە لەسەرەوە بۆ خوارەوەی پێدەڵێن. پەیوەندی پێچەوانەکەی لە خوارەوە بۆ سەرەش هەر دەست لە سنگ دانە..بۆ گۆرینی ئەم پەیوەندیە دەبێ بنەمای ئەسلی کۆمەلگا بگۆرێ ئەوکات مرۆڤ لەسەر قاچی وەستاوە و لە هیچی کەم نیە و نابێ..ئەمرۆ پەیوەندیە ستوونیەکان هەمان شێوەو ناوەرۆکی کۆنی هەیە.لە واقع دا شتێکی ئەزەلی نیە بەلام بۆ تەمەنی مرۆڤی تاک وا بۆتە ئەزەلی.

**بەکورتی:** بۆ ڕێکخراو و دامودەزگاکان هەموو جۆرە پەیوەندیەکان گرنگن، رێکخراوەیەکی زیندوو دینامیکی کە دەتوانی وەلام بە گشت بێت و لە نێوخۆیدا پتەو ئالوگۆربیت لە گشت تیمەکانیدا ئەوکات دەبێ لە هەموو ئاستەکاندا پەیوەندی توندو تۆلی هەبێ.
بۆ ئەمرۆ پەیوەندە ستوونی و ئاسۆییەکان کافی نین، پەیوەندە بڕرەاکان زۆر گرنگن بۆ راگرتنی هاوسەنگی و زانیاری تەواو لەسەر ڕێکخراو دامودەزگاکانی و ئەندامانی تیمە جیاجیاکاندا.

## پێکهاتەی ڕێکخراو و دامودەزگاکانی

لێرەدا مەبەست لە ڕێکخراوە یانی کۆمەلە کەسانێک لە کۆمەلگای شارستانیدا ئامانج یان قازانجی هاوبەش لە دەوریەکدا کۆیکردۆنەتەوە.ئەم ئامانج و قازانجە ماددی یان مەعنەوی بێ یا هەرچی بێ گرنگ نیە مەبەست لیرەدا فۆرموولە بوونی کەسەکانە لە دەوری یەکدا و جۆرێک لە کاردابەشکردنێک بە ئەنجام هاتووە. هەموویان هەرچۆنی بێ ئەمەیان لانی کەم لەلا قەبوولە.

هەموو رێکخراوەیەک لە سێ ئەرکانی بنەرەتی پێکدێت.کە ئەمانەن:
- بیرکەرەوەکان
- ڕێکخەرەکان یان هەلسوورێنەران
- کارئەنجامدەرەکان

لە تەواوی باسەکدا بە تیم ناوم بردوون لێرەدا دەمەوی زۆر بەکورتی باس لەم تیمانە بکەم، کە لێرەدا کاروهەلسوورانی هەموویان لە ئاستی لێپرساویە لە دەروونی ڕێکخراودا، هەموویان لە مافدا یەکسانن و لە ئەرکدا تەواوکەری یەکترن، هیچیان بێ ئەویتر ناتوانێ.لە هەمان کاتدا لێپرسینەوە لە کۆتای کارەکاندا گشت دەگرێتەوە.لەگەل هەلسەنگاندنی کارەکان لە کۆتایدا دەبێ لە گشت ئاستەکاندا پەیرەوبکرێ.




**تیمی بیرکەرەوەکان:**

بیرکەرەوەکانی هەررێکخراوەیەک داینەمۆ و بزوێنەری دڵی ڕێکخراون.لە هەمانکاتدا قورسترین ئەرکە لە باری لێپرساوبەتی نەزەری و پراکتیکی دا..

**تیمی ڕێکخەرەکان:**

ئەو تیمە خۆی لە خۆیدا زۆر ئالوگۆرە هەموو ئە ناوەندە هەلسوراوەکان دەگرێتەوە کە ئەرکی گەیاندن و وەرگرتنی پەیامە بە هەردوو تیمی بیرکەرەوەکان و جێبەجیکەران. لە هەمان کاتدا مەوقعیەتی کۆمەلایەتی ناجێگیری هەیە. ئەگەرچی زۆر بۆی ناخۆشە خۆی لە تیمی جێبەجێکەران ببینێتەوە.ئەندامانی ئەم تیمە کادیرانی پێشرەوەی ڕێکخراوەو دامودەزگاکانن، کۆمەلێ چالاکێ لەم کادیرانە دەتوانن کۆمەلگا و ڕێکخراوەو تەنانەت تیمەکانی بیرکردنەوەش بگۆڕن.

**تیمی کار ئەنجامدەرەکان:**

ئەم تیمە لە مەیدانی پراکتیکدا لە ریزی پێشەوەن، بەکورتی بە گۆشت ئێسقان مامەلە لەگەل واقع دا دەکات.ئەمانە هەرکاری فیزیکی ناگرێتەوە بەلکو کارە فیکری و نەزەریەکانیش دەگرێتەوە.

ئەندامانی ئەم تیمە هەولی سەرکەتن دەدەن لەمان خوارتر نیە تەنها ئەگەر ترسی دەرکردنیان هەبێ..ئەم ئەندامانە رووبگەشی رێکخراوەو دامودەزگاکانن.هەموو کەس ڕێکخراوە لەمانەوە دەناسێ.بەکورتی بنەمای رێکخراوەو دامودەزگاکانن.

ئەم سێ تیمە زۆر ئالوگۆڕ و ئالۆزن، بەگوێرەی شوێن و کات، مەوقعیەتی کۆمەلایەتی ڕێکخراوەکان دەگۆڕێن. تەنانەت لە دەروونی خودی یەک پارتی سیاسیشدا ڕێکخراوەکانیان ئالوگۆڕەو....هتد.هتد.

## تیمی بیرکەرەوەکان

لێرەدا چەند سەرنجێکی خێرا لەسەر تیمی بیرکەرەوەکان دەخینە روو کە بتوانێ خزمەت بە گەشەدان بە رێکخراو ڕێکخراو بوون بدا.
تیمی بیرکەرەوەکان دەبێ ئۆتۆریتە لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان وەربگرن لە مەیدانی کارو چالاکیەکاندا.
نابێ تیمی بیرکەرەوەکان ڕێکخراو لە دەروونی ڕێکخراو پێکبهێنن. دەبێ ئەوانیش وەک هەر ئەندامێکی تر لە ماف و ئەرک دا یەکسانبن لە نێو ڕێکخراودا نەک هەر بە نەزەری بەلکو لە پراکتیکدا دەبێ رەنگ بداتەوە.
ئەوکات ڕێکخراوەو کەسەکانی تیم بە کۆمەلایەتی دەبنەوە. بەلام مەقعیەتی کۆمەلایەتی ڕێکخراوەکان ئەم فەزایە بە هەموو تیمی بیرکەرەوەکان نادا، هەرچەندە لە باری کەسایەتیش بیانەوی، یان لە بەر دژایەتیکردنی دەوروبەر...هتد.هتد.
تیمەکانی بیرکەرەوە نابێ هەر فاکتەرە ناوەخۆکانیان لەلاگرنگ بێ بەلکو دەبێ فاکتەرە دەرەکیەکان و کاریگەریان لەسەر ڕێکخراو زۆر باش دەرک پێ بکات.
گرنگترین مەسەلە بۆ تیمی بیرکەرەوەکان بۆ چوونی ستراتیژیە بۆ چارەنووسی رێکخراو کۆمەلگا، هەر ڕێکخراوەیەک مەسەلە ستراتیژیەکانی لەلا روون نەبێ ناتوانێ ڕێکخراوەیەکی زیندوو کاریگەر بێ ،ناتوانێ کاریگەری لەسەر کۆمەلگاوە هەبێ.
خەلکی سادە هەر کەشتیەکان لە ناو دەریاوە دەبینن.تیمەکانی بیرکەرەوە دەبێ درک بە شەپۆلەکان و ئاراستەی با و سەولەکانی کەشتیەوانەکان بکەن.
زۆر گرنگە تیمەکانی بیرکەرەوەکان بەرپرسیارەتی خۆیان بەرامبەر بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی کارەکانیان لە نەزەرو پراکتیکدا دابنێن.
خالێکی گرنگ بۆ ئەم تیمانە دەبێ بریاردەرو چارەنووسساز بن لە ژیانی ڕێکخراودا.
هەموو کەس ناتوانێ دروست کەری مێژوو و نووسەری بێ، بەڵام ئەوانە دەتوانن چونکە فەزایەک بۆ ئەمانە هەیە لە ژیانی ڕێکخراوەی دا.هەرگیز رابەرانی ئەم تیمانە نابێ ئەم فرسەتانە لە دەست بدەن.ئەمە وەکو یەک خێرە سەد گوناە پاک دەکاتەوە.
هەرتیمیکی بیرکەرەوە رازی بوو بە ڕێکخراوەکەو دەستکەوتەکانی کە هەیەتی ئەوا ناتوانی رێکخراوەیەکی زیندەو دینامیکی رابەرایەتی بکات. بەکورتی وەستان یانی هەنگاونان بۆ دواوە.
ئەگەر لە یاساکانی سەربازیدا هێرشکردن باشترین هۆبێت بۆ بەرگریکردن ئەوا بۆ ژیانی ڕێکخراوەیش هەروایە.
تیمی بیرکەروەکان نابێ ڕێگا بە دەسەلاتی کەسێکی مطلەق بدەن، نابێ هەرگیز کەسێک هەرچەندە تواناکانی لە هەمووان زیاتربێ نابێ مەرکەزی بریاردابن بێ هەرگیز...
ئەمە هەلەیەکی گەورەیە لە کۆمەلگای شارستانیدا نابێ هەبێ..
تیمەکانی بیرکردنەوە دەبێ گشت ئاستەکانی پەیوەندی بە هەموو جۆرەکانیەوە گەشەپێبدەن، چونکە ئەوان زۆرترین زانیاریان لە واقع دا بۆ فەراهەمدەکەن و هەیکەلی رێکخراو روون دەکاتەوە.لە هەمان کاتدا دەبێ زۆر باش گوێ لە پەیامەکانیان بگرن و لە پراکتیکدا ئەندامانی تیمەکانی تر هەستی پێ بکەن کە لەوانەوە هاتوون.
تیمەکانی بیرکەروە دەبێ زۆر رۆشن و بە ئامارو ژمارەو دۆکیومێنتی ئابووری و سیاسی بدوێن، تا بۆ هەمووان رۆشن بێ کە کارەکان چۆن دەچیتە رێوە، ئەمانە ئۆتۆریتەو باوەر بەم تیمانە زیاتردەکات،لە لایەکی تر سەرەتای مالئاوایانە لەم تیماندا ئەگەر کارەکان باش بەرێوە نەچووبن.یانی دانسی کورسیەکان لێرەوە دەست پێدەکات.
تیمەکانی بیرکەرەوە دەبێ زۆرجار لە بەرگری دابن تەنانەت هەندێ جار دەبێ کشانەوەش قەبوول بکەن، ئەمانە دەکرێ هەموویان بۆ گشت ئەندامانی ڕێکخراو رۆشن بێ، ئەکات رێکخراو هەرچەندەیتر بەهێزدەکات.لێرەدا کات زۆرگرنگە ئەبی ئەم کاتە بۆ هەمووان روون بکریتەوە.

دەبێ تیمەکانی بیرکەرەوەکان رێگا بۆ ناوەندی سێیەم و ئۆپۆزیسۆن بدەن، دەبێ بە قسەیانبێنن و ناچاریان بکەن لە ئەلتەرناتیڤی چاک بگەرێن، بەلام دەبی کات و ساتی ئەم مەودایەیان لە پێش چاوبێت.
زۆربەی ئەوکەسانەی لە تیمی بیرکەرەوەکان حوکمی مطلەق دەگرنە دەست، یان بە کورتی بلێین کە ئۆتۆریتەی تەواویان هەیە لە سەر ڕێکخراودا، ئەوا سیفاتی میکاڤیللیان هەیە.( یانی ئامانجەکان تەبریری هۆیەکان دەکات). ئەمە نەخۆشیەکی کوشندەیە بۆ سەرکردەکان.
تیمی بیرکەرەوەکان دەبێ دیسپلینی و رێورەسمەکانی ڕێکخراوە لە هەموو ئەندام پەیرەوبکەن، ببنە نموونە بۆ گشت.لە هەمان کاتتدا دەبێ لێپرسراویەتی و لێپرسینەوە بۆ هەموو بریارو پەیامەکانی ڕێکخراو دابنێن.پەیرەوی شێوازی نوێ و تەکنیکی نوێ لە کاردا کەلتووری ڕێکخراو دەگۆرێ، تیمەکانی بیرکردنەوە دەبێ درک بەمانە بکەن و لەگەل کاتی ئۆتۆماتیزمی سەردەمدا هەنگاوبنێن. نەک هەر لە ئامرازە بەرجەستەکانی بەلکو لەگەل بەرێوەبردن و مجازەفەکانی لە دونیای مادیدیدا.
لیدەر یان هەر کەسێکی تر لە تیمی بیرکەرەوەکان دەبێ تێستی تایبەتی دەروونی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و ماتماتیکی بکرێت. دەبێ ئاستی بیرکردنەوەی بەرز بێت. تا بتوانی لە ئاستی بریارداندا بێت و لە کاتی نالەباردا بتوانی کێشەکان جارەسەربکات.کۆمەلایەتی بوونی لیدەر زۆرگرنگە بۆ بەیەکەوەکارکردن لە نێوتیمدا، ئەگەر لیدەر هەرچەندە ئاستی بیرکردنەوەی بەرزبێت ئەوا نەبێ ببیتە لیدەر ئەگەر ئاستی کۆمەلایەتی لە هەمان ئاستی بەشەکانی تردا نەبێت.
( ئەگەرچی بەرتیلی کارمەندان لە گشت تیمێکدا لەگەل پەیوەندی بۆرسەو دەولەت دوو سیفاتی نیزامی کۆمەلایەتی سەرمایەدارین) بەلام لیدەر دەکرێ ئەم سنوورە بەرتەسک بکاتەوە.
تیمەکانی بیرکردنەوە دەبی گشتی بن، لەگەل هەموو کەسێ بێنەوە، دەبێ زۆر جوان بتوانن ڕۆل ببینن.ئەم رۆل نواندنە لە دووری دیاریکراو وا زل دەکرێ کەسەکە خۆی باوەری پێدێنێ..هتد.هتد.
پەیامەکانی تیمی بیرکەرەوەکان دەبێ بۆ پەیام وەرگر رۆشەنبێت.بەزمانی حالی ئەوان بدوێت. لە سەردەمی ئەمرۆدا پەیامی کورت و سادە گرنگە بۆ هەمووان، لە مەیدانی تایبەتدا دەکرێ تیمەکانی بیرکردنەوە بە زمانی تر فەلسەفیانەتر و ئەکادیمی تر بدوێن.
دەبێ لیدەر و گشت ئەندامانی تیمەکانی بیرکردنەوە باوەریان بە دانسی کورسیەکان هەبێت.ئەگەر هاتوو ئەم باوەرەیان نەبوو ئەوا رێکخراو لە رێکخراوێکی دینامیکی دەبێتە ستاتیکی و ئایدیالیستی.
دەبێ هەمووان بزانن کاتی شانۆ تەواو بوو پەردەکان دادەخرێن و بەیانی ئەکتەری تر لەسەر شانۆ رۆلی خۆیان دەنوێنن.
تیمی بیرکەرەوەکان نابێ دەست لەکار و باری تیمەکانی تر وەربدەن کە لە تایبەتمەندی ئەوانین، ئەوان تەنیا هەلسورینەری رێکخراون بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەک خاوەنینە.
تیمی بیرکەرەوەکان دەبێ رێگە لەبەردەم راویژکارو هەلسورێنەرانییان بگرن نەبا ئەوان ببنە دەستی راستی ئەوان، وەکو سەگ و خاوەنەکانی جیگۆرکێ بکەن.

بەکورتی: تیمەکانی بیرکردنەوە دەبێ زۆر هۆشیارانە جارەنووسی ڕێکخراو ودام و دازگاکانییان لەبەر جاوبێ، دەبێ لە ئاستی تێستە کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و ..هتد بن، دەبێ باوەریان بە دانسی کورسیەکان هەبێ و بتوانن رۆلبگێرن لە ژیانی رێکخراوەییاندا.

## دانسی کورسیەکان

باشترین پیناسە بۆ دانسی کورسیەکان ووشەی دانس کافیە بۆی، بە کورتی کورسی هەر کورسیە بەلام کەسەکانی کە لەسەر کورسی دادەنیشن لە دانس دان.
لە پراکتیکدا هەموو ئەندامانی تیمەکانی بیرکردنەوە لە چەپترین و راستترین ڕێکخراودا دەستیان بە کورسیەکانەوە گرتووە تا تووشی دانس نەبێ. هەمووشیان درەنگ و زوو هەر تووشی دەبن بە خۆشی بی یان بە تالی.
لە کۆمەلگای شارستانیدا دەبێ مەودایەک و فەزایەکی ئاوالا هەبێ بۆ گەشەکردن و ئالوگۆری کەسەکان لە مەوقعیەتی بریارداندا.
ئەم فەزایە لە دەروونی رێکخراوەو دامودەزگاکاندا هێندەیتر ڕێکخراوێکی زیندوو و تەندروست دەێنێتە کایەوە.
لێرەدا رۆشنە کەس خاوەنی ڕێکخراو نیە، ڕێکخراو و دامودەزگاکان لە هەموانەوە بۆ هەمووانن.
تیمەکانی بیرکردنەوە دەبێ ئەم سوونەتە لە ناو ڕێکخراوەو دامەدەزگاکانی دا پیادە بکەن و بە کۆمەلایەتی بکەنەوە.
لێرەدا کەلتووری ڕێکخراوە و مێژووی فەرهەنگی سیاسی ڕۆلێکی گرنگ دەگێری لە دانسی کورسیەکاندا.
خەلکی ئاسایی ئەمە بە کارو شوێنی خۆی نازانێ،کارەکان بە ئەرکی خۆی نازانێ چونکە لەوەتەی چاوی کردۆتەوە هەر حوکمی بەسەرداکراوە، چۆن دەبێ خۆی حوکمی خۆی بکات...
ئەم هەلبەزین و دابەزینە لە مەوقعیەتی بریاردان و چارەنووسسازیە دینامیکیەتێك بە ڕێکخراوەو دام ودەزگاکان دەبەخشێ.ئەمە مەودای لێپرسراویەتی و ئەرکەکان تیژ تر دەکات. هەمووان بەرامبەر ئەرک و فەرمانەکان و لێپرسیەوەو مافەکان یەکن،نەک هەر بە ووشە بەلکو لە پراکتیکدا.
لە دانسی کورسیەکاندا مەسەلەیەکی بێرەحمانەیە، هەرکەسێ نەتوانێ لە ئاستی تەوەقوعی ڕێکخراوەو دامودەزگاکان بێ لە ئاستی ئۆپراسیۆن و تاکتیک و ستراتیژ دا ئەوا خۆی دەبێ ئەو مەودایە چۆل بکات.
بەکورتی دانسی کورسیەکان یانی هەموو کەسەکان بە کاتی لە کارو مەوقعیەتی بریاردان و بەرپرسیارەتی دان، جا لە هەر تیمیک دابن. بۆ هەموو ریکخراوەیەکی سیاسی ئەمە گرنگە ببێ بە سوونەتی رێکخراوەیی و هەمووان پەیرەوی بکەن. ئەوکات رێکخراو ڕێکخراوێکی دینامیکی و زیندووە.